# مەلی ئاوات



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

سێ شانۆنامە

# مەلی ئاوات

وەرگێڕانی:

**محەمەد فەریق حەسەن**



ناوی کتێب: مەلی ئاوات – سێ شانۆنامە
وەرگێڕانی: محەمەد فەریق حەسەن
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ١٢٠
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب
بەرگ: شکار عەفان نەقشبەندی
نووسینی سەر بەرگ: خۆشنووس محمەد زادە
پیت لێدان: دلارەر صادق ئەمین
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیی کاری چاپخانە: ئاوڕەحمان مەحمود
تیرێژ: ١٦٠٠ دانە
چاپی یەکەم: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٢
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٢ی دراوەتێ

# دۆتمیری دزێو

نووسینی: ک. م. فالۆ

سەردەم: حیکایەتەکە سەردەم و شوێن دیاری ناکات کات، وەرزی بەهارە.

بەشی یەکەم: خان – سەرلەبەیانیی ڕۆژێ لە ڕۆژان.

بەشی دووەم: هۆڵی ئاوێنە بەند – عەسری هەمان ڕۆژ.

بەشی سێیەم: ژووری (چراخان)، ڕاستەوخۆ دوای کۆتایی هاتنی بەشی دووەم.

بەشی چوارەم: باخی کۆشک – سەرلەبەیانیی ڕۆژی داهاتوو.

بەشی پێنجەم: هۆڵی ئاوێنەبەند – بەرلەوەی شەو دوولایی ببێ بە ماوەیەکی کەم.

# بەشی یەکەم

## دیمەنی یەکەم

## خـان

میر سمکۆ – کاکی

کاکی: وەرە ئێرەوە گەورەم... ئەمە خانێکە بە ئارەزووی دڵ.

سمکۆ: فەرموو شوێنێ هەڵبژێرە!

کاکی: خۆزگە بۆم ئەکرا!

سمکۆ: چۆن؟!

کاکی: پشتم... ئای پشتم!

سمکۆی: پشتت؟

کـاکی: هەمـوو گـیـانم... وەک یەکێ بە لیسـێک دارکـاری کـردبم، ئای... نا، نـا... لێم مەپرسە کوێم یەشێ و چۆن!... نەفرەت لە گەشتوگوزار... نەفـرەت لە ئەسپ... نەفرەت لە زین! گەورەم، چۆنە ئەگەر شتێکمان بخواردایە؟ من هەم برسیمە و هەم تینووشمە... بەزەییت بە حاڵما بێتەوە... خۆزگە فرمێسکەکانم دڵیان نەرم ئەکردی!

سمکۆ: ئەمانتـوانی فـرمان بدەین و چیـمان ئارەزوو بکردبایە داوای کـەین... بەڵام هیچ فێڵێکمان بەدەستەوە نییە!

کاکی: دەتۆ بەزەییت بەحاڵما بێتەوە میرم... غەدرم لێ مەکە.

سمکۆ: جزدانی یەکەمم بەتاڵە... ئەمەش دووەمیانە هەموو گیانی کونە!

کاکی: ئا بەم شێوەیە باوکی پادشاتان بەرێی کردوون؟... داوەشینە!

سمکۆ: فەرمانی پێ کردم فەرمووی: برۆ بووکێ بۆ خۆت بدۆزەرەوە. ئەوەش بزانە پارە زوو لەناو ئەچێ، ئەگەر هاتوو گیرفان کونی زۆر تیابێ... تۆ میرێکی هەژاری. نەبوونی رووی ڕەشە.

کاکی: بەلای کەمەوە میرم کولێرەیەک و نەختێ ماستیشم بۆ ناکڕی؟

سمکۆ: سێ قـورۆش بەو لاوە هیچ شک نـابەم، لەوانەیە بیـاندۆزمەوە. (مـاوەیەکی زۆر گیرفانەکانی ئەگەڕێ، لەسەر سەر ئەوەستێ و سێ قورۆشەکە بەرئەبنەوە).

کـاکی: سوپاس بۆ خوا... هۆ خاوەن خان... هۆ خاوەن خان هۆو... فـەرمـوو پێشـوازی لە گەورە پیـاوان بکە... وەرە تینوێتیـمان بشکێنە... وەرە... گوێت لە زرنگەی زێڕ بێ کابرا.!





## دیمەنی دووەم

(کاکی – سمکۆ – کاڵی)

کاڵێی کچی خاوەن خان دێتە ژووری

کـاکی: ئاوا. ئێ ئێ... تەمس خـاوەنی ئەم خـانە پیـاو نییـە، بەڵکو کـیـژۆڵەیە! چەند جوانیشە... بێگومان... بێگومان ژەمێکی چەورمان ئەداتێ.

کاڵێ: بەرێزان چی داوا ئەکەن؟

سمکۆ: کولێرەیەک و ئاوا دوو کووچەڵە ماست!

کاکی: با نان زۆربێ... با ماستەکەیش مەنجەڵێک تەواو بێ.

کاڵێ: کولێرەیەک یان زیاتر؟

کاکی: تۆ خاوەن خانی؟

کاڵێ: بەڵکو کیژی خاوەن خانەکەم. بەڵام... چ پەیوەندییەکی بەتۆوە هەیە؟

سمکۆ: پێشەکی پارە ئەدەم. لەسێ قورۆش زیاترم پێ نییە.

کاڵێ: سێ قورۆش؟!

کاکی: بەڵام بریقەیان چەند جوانە! بریسکەیان چەن شیرینە!... سێ قورۆشی نایابن.

کاڵێ: بیانهێنە! سێ قورۆش ورگتانی پێ پڕ نابێ.

کاکی: چیمان ئەدەیتێ ئەی کیژی خاوەن خان؟ کیژۆڵەی ڕەزا شیـرین... قەلەمـوون یان مراوی؟... خواردنمان بۆ بێنە؟!

کاڵێ: ئەوە دەمت ماندوو نەبوو؟!

کاکی: بۆ ماندوو ببێ؟ هەر لەبەر ئەوەی برسیمانە؟

کاڵێ: لەبەر ئەوەی زۆربلێیی، تەربقیش نابیتـەوە. ئێسکت خواتەوە... بۆ پێم ئەڵێی کیژۆڵە؟ خۆ منالۆچکە نیم... خۆ دوێنێ لەدایک نەبووم.

کاکی: گوایە کیژۆڵەی ڕەزا شیرین نیت؟

باوەڕم پێ ناکـەی؟ دەتۆ سەیری ئاوێنە بکە ئەمـجا بریقـەی چاوە کەژاڵەکـانت ئەبینی.

سەیری کە ئەوسا دڵنیا ئەبی.

(ئاوێنەیەکی گچکە لە گیرفانی دەرئەهێنێ و بۆی ڕائەگرێ).

کاڵێ: نەخێر!

کاکی: بۆچی نەخێر؟ ئەوە چیت لێ قەوماوە؟!

کالێ: بیکە بەرەزای خوا بیشارەوە!

کاکی: ئاوێنە؟ لەبەرچی؟ سەیری خۆتی تیا بکە... خۆتی تیا ببینە!

کالێ: بیشارەوە، پێم وتی... گەورەی بەرێز، ئەتەوێ ئافرەتێکی بێ دەسەڵاتی وەک من تووشی بەڵایەک بکەی؟

کاکی: لە مەبەستت تێ ناگەم؟

کالێ: گوایە نازانی، بەتەواوی قەدەغەیە؟

بیشارەوە ئەگینا تووشی سزایەکی قورس دێم ڕەنگە مردنی لەدوابێ.

کاکی: ئاخر لەبەرچی؟

کالێ: چونکە هیچ کەس بۆی نییە ڕووی خۆی لە ئاوێنەدا ببینێ. ئا ئەمەیە یاسای شارەکەمان... لە کۆنەوە ئاوەها بووەو ئێستاش هەر وایە. ئەوەشی سەرپێچی بکات بە مەرگ سزا ئەدرێ. بەڕاست ئێوە ئاگاتان لەو فەرمانە نییە؟ باوەڕناکەم!

سمکۆ: بەلاتەوە سەیر نەبێ خانمە بەرێزەکەم.

ئێمە غەریبین.

کالێ: گوایە ئەم مەسەلەیەتان نەبیستووە؟. ئەوی ڕاستی بێ ئەمە شتێکە هیچ کەس باوەڕی پێ ناکات!

کاکی: لێرە چەند خووڕەوشتی جوانتان هەیە!

کالێ: ترسام ئێوەش سەر بەدادگای پشکنینی ئاوێنە بن... چاوی ئەوان بن.

سمکۆ: ئێمە؟... چاوی ئەوان بین؟

کاکی: تۆ بڵێی بەو ڕادەیەش بێ غیرەت و هیچ و پووچ بین، نانی چاو و گوێ بخۆین؟!

سمکۆ: دادگای پشکنینی ئاوێنە؟ ئەمە چ جۆرە ڕێکخراوێکە؟

کالێ: پێتان نەزانیوە؟ کەواتە چەند بەختەوەرن؟ خوێن لە دەمارەکانما ئەمەیێ کاتێ ناوەکەی ئەبیستم... دادگای پشکنینی ئاوێنە سەرچاوەی بەدبەختیی ئەم وڵاتەیە...

گوێتان لێ نەبووە گەورەپیاوان ڕۆژانە چی ڕائەگەیێنن؟ یاسای ژمارە (١) ئەوەی بەتەواوی لێ قەدەغە کردووی کە ڕوخساری خۆت بناسیتەوە. یاسای ژمارە (٢) لە ئاوێنەدا سەیری خۆت مەکە، نەبادا ڕۆحت بخلیسکێتە هەڵدەێرەوە، ڕێت لێ هەڵەبێ و بە مەرگ سزا بدرێی.





سمکۆ: ئەی ئەگەر کیژۆڵە ڕەزا شیرینەکان، بۆ نموونە... بە دزییەوە سەیری ئاوێنەیان کرد؟

کالێ: ئەوسا گەورە دادوەرانی پشکنینی ئاوێنە (گەوگەو) یەکسەر بۆ مەرگیان ڕەوانە ئەکات!

کاکی: گەوگەو؟... ناوێکی عەنتیکەیە!

کالێ: بەلێ، پێی ئەڵێین «گەوگەو» وەکو کورت کردنەوەی ناونیشانی فەرمانەکەی، بۆ ناوزڕاندنیشی. ئەم «گەوگەو»ە، لە هەموو ناحیە و دێ و گەڕەکێکدا چاو و دۆستی هەیە... بۆنی دەنگوباسی ئەکەن. بە شوێن ئاوێنەدا ئەگەڕێن ، خاوەنەکانیان ئەدەن بە دادگاکان. ئەمانە تاقمە چەتەیەکی نامەردن، لە هەموو جێیە ترس و لەرز بڵاو ئەکەنەوە.

کاکی: ئای... ئەگەر یەکێکیانم بەردەست ئەکەوت، ئەمگرت وەک چۆن دەنووکی ڕیشۆڵە ئەگرم. جا ئەوسا بەرم نەئەدا هەتا جریوەم لەبیر ئەبردەوە.

## دیمەنی سێیەم

سمکۆ – کاکی – کالێ – پیاو – ورچ

(لەسووچێکی ژوورەکەدا کوتوپڕ پیاوێک دەرئەکەوێ، پێشتر نەمانديوە. ناشزانین کەی هاتۆتە ژوورێ).

پیاو: تۆ زۆر ئەرێسی جەناب... باشتر وایە دەمت داخەی.

کاکی: ئەی تۆ کێیی؟ خەفیەی، سیخوڕی؟ وەڵامم بدەرەوە! ئەگینا دەرسێکی وەهات دائەدەم بیرت نەچێتەوە.

پیاو: نە ئەڵێم بەلێ... نە ئەڵێم نا.

کاکی: ئەی ئەڵێم کەواتە تۆ چیت؟

پیاو: پیاوێکی سادە... بۆ ڕەپیاوم... بەدوای گێچەڵا ناگەڕێم... ئەگەر ئارەزووت لەجەنگە، ئەوا بانگی ورچەکەم ئەکەم.

(بانگ ئەکات) ورچ، ورچ، ورچەکۆڵە. (ورچ دێت).

کاکی: خوا هاوار دڵم بەربۆوە!

پیاو: ڕوو خۆشە زۆر جۆرە وازی ئەزانێ. بەڵام ئەگەر تووڕەت کرد ئەوا دەم و دەس تێکت ئەشکێنێ. ئادەی ورچە ئازیزەکەم ببۆڵێنە! (ئەبۆڵێنێ) چاکە ئێستاش ئەوەندە بەسە ئەڕۆم. (هێما بۆ ورچ ئەکات... ئەڕوات).

سمکۆ: لە هاوڕێکەم زیز مەبە جاروبار شانازی بەخۆیەوە ئەکات. بەڵام تۆ کێیی؟

پیاو: ببوورە... ناوی خۆمت پێ ناڵێم... ماوەی ئەوەشم بدەرێ.

کاڵێ: ئەی خوای خاوەن بەزەیی!

پیاو: چی ڕووی دا؟

کاڵێ: گەوگەو!

## دیمەنی چوارەم

سمکۆ – کاکی – کاڵێ – پیاو

(گەورەدادوەرانی پشکنینی ئاوێنە دێتە ژوورێ، دوو میر غەزەبی بەدواوەیە. کڵاوی ئاسایی میر غەزەبیان لەسەر ناوە.)

گەورە دادوەدان: من هەموو ڕۆحە شەڕەنگێزەکان ڕاوئەنێم... ئەوان بەرەو تاوان و گوناهتان ئەبەن... سڵ لە ئاوێنە بکەنەوە لێی بەدوور بن... کردەوەی شەیتانە. بریا هەرگیز ڕووی خۆتان نەناسیایە.

کاڵێ: گەورەم... هەموومان گوێرایەڵی فرمایشتەکانتین.

گەورە دادەوەران: چاکت وت کچم... بەڵام... باجت بە دادگای ئاوێنە داوە؟

کاڵێ: بەڵێ گەورەم... دواقورۆشم داوە... پسووڵەم پێیە. ئا ئەمە پسووڵەیەکە لە پیاوەکانتم وەرگرتووە، کە خانەکە ئاوێنە مانا تیا نییە. یان هەر شتێکی دی کە بتوانین دەم و چاومانی تیا ببینین.

گەورە دادوەران: (بۆ پیاو) ئەی تۆ؟ بۆ بێدەنگی؟ لەوانەیە بەم بێدەنگییەت بەرەنگارم بوەستیتەوە؟ دەرسێکی وەهات دائەدەم هەمیشە لەیادت بێ.

(هێما بۆ جەللادەکان ئەکات و ئەیگرن).

پیاو: وازم لێ بێنن... گەورەم من پیاوێکی ڕاستم و ئاوێنە شک نابەم. هەرگیز دەم و چاوی خۆیشم نەدیوە.

گ.د: چ کارەی؟

پیاو: ئەی خاوەنی پلەو پایە... بە زۆر کار و پیشەوە خەریکم. بە تایبەتی سیحر و ئەکرۆپاتیک... بە سیحرەوە خەریکم.

گ.د: سیحرباز؟

پیاو: یاری سیحریی هەمە جۆر... لەو ڕێگەیەوە خۆشی ئەخەمە دڵتانەوە... من سیحرباز و جادووگەرم... ئەکرۆپاتیکم... هەروەها گیانلەبەری دڕندەش پەروەردە ئەکەم... مەیتەریانم... ورچ... ورچ... ورچەکۆڵە... (ورچ دێت) سەما بکە ورچەکۆڵە...





سەما بکە!

گ.د: بەسێتی، ئەمەم بەلاوە گرنگ نییە. (هێما بۆ جەللادەکان ئەکات) چوار لیرەی بەخشیش بدەنێ.

پیاو: سوپاس... زۆر سوپاس.

گ.د: مادام بەردەوام بە ناوچەکاندا ئەگەڕێی، لەو دەوروبەرە تووشی ڕێگر نەهاتووی؟

گ.د: بەڵێ مەبەستم ئەوەیە شتی وەهات نەبیستووە؟ یان بۆم نییە پرسیاری ئەوانت لێ بکەم؟ لە ڕووی دادگای پشکنیندا ئەوەستیتەوە؟

پیاو: ڕێگر؟

پیاو: بینیومن.

گ.د: ئاوا... کەی؟

پیاو: لە جارێک زیاتر!

گ.د: فەرماندەکەیان...؟ دیوتە؟

پیاو: چەند بەدوایا گەڕام و پشکنیم چاوم پێی نەکەوت... قووچانی.

گ.د: لێت ترسا؟

پیاو: لەخۆم نا. لە ورچەکەم.

گ.د: ئەی تۆ کچم، کەسیانت نەدیوە؟ هامشۆی ئێرە ناکەن؟

کاڵێ: ئێرە؟ هەرگیز!

گ.د: هەرگیز... لەوە ئەچێ سەرسەخت بی... خۆمان ئەزانین چۆن گرێی زمانت ئەکەینەوە... میرغەزەب بە شیشی سوورەوەکراو داخت ئەکات، تاشانە سپی و سۆڵەکانت ڕەش هەڵئەگەڕێن. (ئیشارەتیان ئەکات، دوو جەللادەکە ئەیگرن. شانی ڕووت ئەکەن. هەوڵ ئەدەن بەشیشی سوورەوە کراو شانی بسووتێنن. بەڵام شازادە سمکۆ ناهێڵێ و بەدەست وەشاندێک هەردووکیان تەختی زەوی ئەکات).

سمکۆ: ئەو کچە بەرەڵڵاکەن... وازی لێ بێنن با بڕوات بە لای کاری خۆیەوە.

گ.د: بەڕێز یارمەتیمان ئەدەی، بۆمان ڕوون کەیتەوە بزانین نیازی چیت هەیە؟

سمکۆ: هیچ! تەنیا ئەمەوێ لەم دوو بێ حورمەتە بدەم. دەرسێکیان دادەم، فێریان کەم

بزانن چۆن مامەڵە لەگەڵ ئافرەتا ئەکەن.

گ.د: تۆ... برادەر... هەبێ و نەبێ بەتەواوی شـێـتی. تۆ بەم کـردەوەیەت بەڕووما هەڵئەبلۆقیتەوە.

سمکۆ: من بەڕووی نەخۆش و پەککەوتەوە و پیردا هەڵنابلۆقێمەوە.

گ.د: هەڕەشە لێ کردنم بەکەڵکت نایەت.

سمکۆ: گەورەم من پیاوێکی شەریفم.

گ.د: زانیوتە، ئەوەی بەڕووی دادگاکانما شمشێر بکێشێ، بەسەربڕین سزا ئەدرێ؟

زانیوتە ئەگەر بەوشەی (نەء) نەفرەتم لێ کردی ئیتر تنۆکێ ئاوچییە، لە هیچ کەس دەستت ناکەوێ و هەموو دەرگاکان بەڕووتا دائەخرێن. ئەوەشی لە پشتەوە بتپێکێ پاداشتێکی گەورە وەرئەگری؟

سمکۆ: ئەی ئەگەر شاژن خۆی تنۆکێ ئاوی دامێ؟

گ.د: شاژن؟

سمکۆ: ئێمە دەستوپێوەنی ئەونین. بەڵکو میوانی ئەوین. خۆی بانگهێشتنی کردووین ئەمەش بانگهێشت نامەکە... مۆری شاهانەش ئا لێرەدایە.

گ.د: (ئەخوێنێتەوە)... بەم نامەیە بانگهێشتنی میری مێرگی سەوز ئەکەم و سوپاسی هەست و ئارەزووی ئەکەم بۆ خواستنی دۆتمیر چراخانی کیژۆڵەی مێردی کۆچ کردوومان لە ژنی یەکەمی. بۆیە داوا لەهەموو دەستوپێوەن ئەکەم بەپێی توانا ڕێزی لێ بنێن و ئاگاداریش بن نە بە زمان، نە بە چەک زیانیان بۆی نەبێ... ئیمزا: شاژنی بێوەژن، جێنشین لەسەر تەختی شازادە... ئاوا... بەڵێ بەڵێ... کەوابوو تۆ لەبەر خاتری دۆتمیر لێرەی... ئای کە دزێوە!... ئای کە ناشیرین و بێچم سزە!. یەع... بیستووتە لە چی ئەچێ؟

سمکۆ: قاسیدەکان شتێکی وایان داوە بەگوێمانا

گ.د: ئەزانی دوانزە میر هاتنە پێشێ بۆ خوازبێنی، کەچی بەر لەوەی پێ بنێنە کۆشکەوە چۆن هاتبوون ئاوا گەڕانەوە؟

کاکی: بەڵام ئێمە بەختی خۆمان تاقی ئەکەینەوە. ئەمەمان بەلاوە گرنگ نییە. دوای ئەوە من هیچ سڵ لە ژمارە (١٣) ناکەمەوە.

سەیرکردنی ڕووی شازادەش پێویست نییە. بە بۆچوونی من شتێک نییە پێویست بێ. بەڵکو لەوە گرنگتر ئەوەیە لەگەڵیا ئاشپەزێکی نایاب بێ. بە واتایەکی دی... هەندێ گرنگی بە جوانی ئەدەن و... ئەوانی دیکە بە برژاندن...





گ.د: ببوورە لێرەدا شتێ هەیە لێی تێناگەم... کامتان میرن و کامتان میر نین؟

کاکی: ئەوی ڕاستی بێ من...

سمکۆ: ئەوە

کاکی: ئەوە

سمکۆ: میر هەندێ جار ئەیگرێ. ئەمەش وەک خوویەک وایە.

کاکی: سروشتییە... منم میر.

سمکۆ: لە بنەماڵەدا خانەدان و ئەسڵزادەن. چۆنت بۆ جیاناکرێتەوە کە میر ئەوە؟ ئەبوایە بەسەر و سیما و نەرم و نیانیکەیدا بت زانیایە؟... ڕاستە نەختێ ورگی شۆڕ بۆتەوە، بەڵام باڵای ڕێکە.

کاکی: چیت داوە بەسەر ورگمەوە؟ من نەختێ قەڵەوم چونکە ئارەزووم لە خواردنی چەور و بەلەزەتە... بەڵام میرم! ... کەچی تۆ نە میری و نە گزیری.

گ.د: داوا لە میر ئەکەم لێم ببوورێ.

کاکی: بووراوی.

گ.د: داخۆ میر ماوەم ئەدا لێی پرسم: کوان یاوەرەکانی؟ کوان سوارەکانی؟

کاکی: ها؟

گ.د: دەستوپێوەن... نۆکەر... مەیتەر... پاسەوانی تایبەتی؟

کاکی: (لەگەڵ سمکۆ) بەیارمەتی خۆت میرم... مەبەستی چییە؟

گ.د: کەلوپەل و چەکەکانت لە کوێ جێهێشت؟... گوایە بلند پایە پاشای مەزنی باوکتان تەنیا بەم دوو هێستەرەوە ڕەوانەی کردن؟

سمکۆ: هم... ڕاستەکەی... ئێمە ئێستا وەک جووتێ پەڕاگەندە واین... من بەنیازێکی پاکەوە و بەدڵسۆزی ئاگادارت ئەکەمەوە کە شەو لە شوراکانی شار نەترازێی.

گ.د: مەبەست ئەوەیە بەشەو سەفەر نەکەم.

سمکۆ: نەبادا بکەویتە چنگی یاخی بووان!... کەژاوەی میر بە ئەسپی ڕەسەن و بەنرخەوە قەشەنگ بوو... بەڵام هەر کە لە ئاقاری وڵاتی ئێوە نزیک بووینەوە، تاقمێک لە یاخیبووەکان هەڵیانکوتایە سەرمان و چیمان کەلوپەل پێ بوو بردیان بەتاڵان. پێنج سنووقی پڕ لە کەلوپەلی بەنرخ. جگە لە حەریر و چنراو و خشڵی نایاب. هەموویان داگیر کرد. تەنانەت ئەو دیارییانەشیان برد کە بۆ شازدەخانمان هێنابوو.

کاکی: کەلوپەلی سەفەر... هەموویان ماشییەوە سنووقی باستوورمە و کەرێ... هەموو

ئەو سەبەتانەی خواردنیان تیابوو... تەنانەت ئاشپەزەکەشمیان بەدیل گرت! ئای چێشتی چۆنی لێ ئەنا فلآنی. ئەگەر تامت ئەکرد... ناچار ئەبووی هەر پێنج پەنجەکەتی پێوە بلێسیتەوە... گەوگەوی ئازیز ئەگەر ئەمجارە بێتەوە ئاوا دەعوەتی ژەمێکی سووکەی سیر و ماستت ئەکەم.

گ.د: جەنابی میر... بەگەوگەو بانگم مەکە... پێی قارسم. سوپاسی بانگهێشتنەکەشت ئەکەم. ئەوەندەم ماوە بەدەستەوە نییە بیر لە خواردەمەنییە خۆشەکانت بکەمەوە. لەبری سیر خواردن ئەبێ بچم بەلای کاری خۆمەوە.

کاکی: بۆیە ئەبینم تەواو وشک هەلآتووی.

گ.د: لەشم لاوازە بەلآم ورەم بەهێزە و هاوکاری لەگەلْ ڕۆحما ئەکات! ماوە ئەدەی لێت بپرسم چۆنتان توانی کەولەکەتان ڕزگارکەن و بۆی دەرچن؟

کاکی: ئاسانە... قووچاندمان.

سمکۆ: لە ئەنجامی بەیەکا هەلْبژانا. میر جلوبەرگی سادەی پۆشی و خۆی گۆڕی. ئەمجا دەسمان گرت بەسەر ئەو جووتە هێسترەدا و لە شەڕەکە هەلآتین.

گ.د: ئەی پیاوەکانتان... بەرهەلْستییان کردن؟

کاکی: بێ گومان بەتوندی بەرهەلْستییان کرد.

سمکۆ: بەلآم جەنگاوەری چاپووک بوون.

گ.د: ئەی سەرکردەکەیان؟

کاکی: شەیتان خۆی بوو!

گ.د: هم... وەک هەمموو ڕێگرێ.

سمکۆ: کەلْەگەت. دەنگی وەک زەنگ ئەزرنگایەوە: هەرچی شمشێرەکە شێتی شلک وەک ئەژدیها... هێزێکی بێ ئامانی هەبوو.

گ.د: بەلْێ خۆیەتی!... وای بۆ ئەچم.

سمکۆ: لەشەڕە شیرا چاپووکە... شمشێر چاک ئەوەشێنێ. وەک شەیتان ئەو شمشێرە هەلْئەسووڕێنێ. یان ئەلْێی ئەو دێوانەن کە لە دۆزەخ دەرپەڕیون.

گ.د: هێشتا هیچت لەبارەیەوە بۆ باس نەکردووم. هم... کاتی ئەوە هاتووە دوعاخوازیتان لێ بکەم... لا ئەدەمە کۆشک و هەوالْی هاتنت ڕائەگەیێنم... تاکو خۆیان بۆ پێشوازی ئامادەبکەن. بەخواتان ئەسپێرم.

(تەوقەیان لەگەلْ ئەکات. دوو جەللادەکە بەدوایەوەن. کالْێ و پیاوەکەش بەرێی ئەکەن).





## دیمەنی پێنجەم

سمکۆ - کاکی

کاکی: ئێستاش بەیارمەتی خۆت گەورەم... پێم بلْێ... چۆن ئەم بیرەت بە خەیالآ هات؟ مەبەستت ئەوەیە من ببمە میر لە بری تۆ؟

سمکۆ: گوایە لێت ناوەشێتەوە میر بی؟ مافی خۆتە.

کاکی: مافی ئەوەم هەیە؟ بێگومان مافی خۆمە... بەلآم لەو باوەڕەدایت ئەم فێلْە بەسەر گەوگەودا تێپەڕێ؟

سمکۆ: نازانم. لەو پیاوە دلْنیا نیم. ئەم ولآتەشم بە دلْ نییە. بۆیە ئەبێ بە هێمنی لە مەسەلەکە بکۆلْینەوە... چاودێری ڕووداوەکان بکەین. گوێ لە قسە و باسی کۆشک و دەوروپشتی ئەگرین. بەکورتی تۆ دەوری میر و منیش دەوری نۆکەر ئەبینم، تاکو سوود لەم ماوەیە وەربگرم بۆ تاووتوو کردنی بارودۆخ.

کاکی: چاکە. یەکسەر ئەچم بۆ لای شازادەخان بەڕاست تۆ بلْێی زۆر دزێو بێ؟

سمکۆ: مرۆڤ پێویستە خۆی بچێتە سەرچاوەی کارەکە و پشت بە وتی وتی نەبەستێ.

## دیمەنی شەشەم

سمکۆ - کاکی - کالْێ - پیاو

کالْێ: (لەگەلْ پیاودا دێن) فەرموون بەڕێزان، بخۆن. ئەمەیان بریانی کەلْەشێر. ئەویشیان مراویی برژاو.

کاکی: تۆ بەم پێشوازییە گەرمەت شەرمەزارمان ئەکەی.

کالْێ: نانا... شەرمەزار مەبە!

کاکی: کیژۆلْەی خاوەن خان... ئەم هەمموو خواردنە بە سێ قورۆش؟

کالْێ: بۆ میر نەهاتووە سەودا و مامەلْە بکات. بۆ ئێوە بە خۆڕایی نان پێشکەش ئەکەین... مایەی سەربەرزیمانە ئەگەر بە میوانی لە ناومانا بمێنیتەوە. (ئەڕوات).

## دیمەنی حەوتەم

سمکۆ - کاکی - پیاو

پیاو: مایەی شانازیمە ئەگەر ماوەم بدەی دەستەکانت بگوشم.

سمکۆ: منیش هەروەها مایەی شانازیمە.

پیاو: وەهات ڕەفتار کرد وەک یەکێ بی لە یاخیبووەکانی دژ بەرژێم. وەستایت و بەشمێرەکەت داکۆکیت لەو کیژۆڵەیە کرد. بەرەنگار بوونەوەی گەوگەو کارێکە زۆر ڕوونادات. دوای ئەوەش چاک باسی گەورەکەیانت کرد کە وتت دەنگی وەک زەنگ ئەزرنگێتەوە... شمشێرەکەی ئەژدیهایە! لەبەینی خۆمانابێ، باوەڕناکەم تووشی هیچ شاڵاوێک هاتبن.

سمکۆ: چۆنت زانی؟

پیاو: ئەزانم. بەڵام چۆن؟ ئەمەیانت پێ ناڵێم هەروەها لەوەش ئاگادارم دوێنێ شەو لە کوێ نووستن. چۆن کەروێشکێکتان ڕاو کرد و بە ئاگر برژانتان.

کاکی: ئەڵێی کەروێشک!! کەروێشکێکی بچکۆڵە... بچووک و لاواز ئاوا... (بە ئیشارەتی دەستی ڕوونی ئەکاتەوە).

سمکۆ: تۆ کێی، ئەی ئەو کەسەی لە هەموو شتەکان ئاگاداری؟

پیاو: من کێم؟ سیحربازم... جەنابی میر ئەگەر تووشی هەر مەترسییەک هاتن، مایەی بەختیاریمانە کە دەستی یارمەتیتان بۆ درێژکەین. لە هەر جێیە بوون ئەوەندە بەسە بانگمان کەن. ئیتر فریاتان ئەکەوین و ئەتانپارێزین. ناهێڵین گەوگەو ڕاتانکێشێ بۆ پای سێدارە.

سمکۆ: مەبەست لە – بانگمان کەن – چییە؟ ئێوە کێن؟

پیاو: مەبەستم لە ئێمەیە هەردووکمان، خۆم و ورچەکەم!... ئێستاش ئەگەر لەناو قەڵای شاهانەدا دووچاری هەر مەترسییەک هاتن، یەکێکتان بە قوللەی قەڵادا سەرکەوێ و چوار مەشخەڵ ئاگردا... کاتێ کەڕەنا فووی پیا ئەکات، پێدەشتەکان بەگڕ ئەتەقنەوە، ئیتر کڵپەی ئاگر قورسایی تاریکی ڕائەماڵێ (ئەڕوات).

کاکی: چۆن لەمە تێبگەین؟ پێم وایە ئەم پیاوە شێتە. لە کەیەوە پێدەشتەکان بەگڕ تەقیونەتەوە ئەی باشە کڵپەی ئاگر قورسایی تاریکی ڕائەماڵێ چی ئەگەیێنێ؟

کۆتایی بەشی یەکەم

***





## بەشی دووەم

### دیمەنی یەکەم

هۆڵی ئاوێنەبەند پێشتر ڕازاوەترین هۆڵی قەڵا بوو، دیوارەکانی بە ئاوێنەی گەورە ڕازێنراونەتەوە... بەڵام ئەمڕۆ پەردەی ئەستووریان بەسەرا دادراوەتەوە... وەک هۆڵی ماتەم دەرئەکەوێ.

چراخان: خەم و ئازار شاڵاوی تووشیان هانی
کەوتنە ڕاوی (رەوە) تەمی بەیانی
وام لەتۆڕی مەینەتیی ڕۆژگارا
منی تینووی دڵسۆزی و میهرەبانی
وەکو یەکێ بەبێ ئامانج
هەنگاو هەڵێنێ و مل بنێ
وەکو یەکێ بە ڕووتەن و
وشکە چیادا هەڵزنێ
تۆڕ و داو پرزەی بڕیبێ...
بەدەستی باوەژنەوە
داماوم و لە گەڵ تیشکی
بەرەبەیان، هاتووم خەمناک
ڕێگا ئەبڕم. بە تەنیا و تاک
بێ داک و باب گینگل ئەخۆم
کەس شک نابەم خەمخوار بێ بۆم...
ڕاستە من شازادەخانم؟!
ئا ئەم کۆشکە شکۆدارە
من خاوەنیم،
خۆمم سەروەری ئەم شارە؟
ئەی کەوایە...
ئەم شار و کۆشکە هی منە
بۆ چوار کەنارم دوژمنە؟!

لەو ڕۆژەوە سەرم هەڵدا
دزێوێ بووم، بێ دایک و باب
دوورە سۆز و پشت و پەنا
تینووم، تینووی میهرەبانی
دەستەو دامانی کەسێکم
ئەم دزێوییە نەفرەتییەم
بگۆڕێ بە سیحری جوانی

## دیمەنی دووەم

چراخان. شاژن

شاژن: (دێت) شازادەخان!!... ئەوە چی ئەبینم؟ ئەوە نازانی بچەمیتەوە؟

چراخان: ئای... ببوورە خاوەن شکۆ... نەمزانی لێرەی.

شاژن: ئەوە ئەڵێی چی؟ بە خاوەن شکۆ ناوم ئەبەی؟ گوایە نازانی ئەبێ بە دایکی شاهانەم بانگم بکەی... ئادەی بیلێرەوە... بەناوی دایکی شاهانەم بانگم بکەرەوە... تاکەی هەروا بە ڕق ئەستووری ئەمێنیتەوە؟

چراخان: ماوەم بدە بڕۆم.

شاژن: ڕاوەستە! ئەگەر وتەکانم کارت تێ نەکەن، ئەوا قامچی بەکەڵکت دێ. (بە قامچی لێی ئەدات) چۆک دادە... با ناوچاوانت بدا لە زەوی.

چراخان: تکات لێ ئەکەم... لێم مەدە!

شاژن: ئەوە چۆنم بانگ ئەکەی؟ گوایە نازانی من کێم؟

چراخان: دایکی شاهانەم.

شاژن: خۆ ئەبینی! قامچی باشترین دەرمانە. باوکی خوا لێخۆش بووت چی ئەوت ئەگەر بەم شێوەیە بیبینیتایە؟... ئەزانی وەک ئەمانەتێ تۆی دابووە دەستم تاکو چاوم لێتەوە بێ. ئەی ئەمەیان چییە؟!... ئەمە چییە؟ ئەبینم ڕووت بێ پەچەیە؟... بۆچی نازانی ئەم کارە بۆ تۆ قەدەغەیە؟

چراخان: ئەزانم... ئەزانم... (پەچە دائەداتەوە).

شاژن: ئەم پەچەیە بۆ تۆ گونجاوە. چەن جێی بەزەییت کاتێ ڕووت دائەپۆشێ و دزێوییەکەت ئەشارێتەوە. کە داوات لێئەکەم بەکاری بینی، ئەوا منیش بەپێی توانا شتێ یارمەتیت پێشکەش ئەکەم.





چراخان: بەڕاست من ناشیرینم؟

شاژن: نامەوێ ئەمەت پێ بڵێم کۆرپەکەم... پرکێشی ناکەم... دزێوی و جوانی دیاری ئاسمانن، ئەوەی بیەوێ پێی ئەبەخشێ. مادام تاکو ئێستا ڕوخساری خۆت نەدیوە. کەوابوو... تۆ... سوپاس بۆ خوا، نازانی تا چ ڕادەیەک دزێوی... مایەی بەختەوەرییە کە ئاوێنە لە وڵاتەکەمانا قەدەغەیە... گەورەدادوەران چاکی کرد فەرمانی قەدەغەکردنی دەرکرد و بڕیاری دا کە مرۆڤ بۆی نییە بزانێ شێوە و بیچمی چۆنە... ئەگینا سزای مەرگە.

چراخان: تەنانەت منیش.!!

شاژن: یاسا هەر یاسایە... بۆ هەمووانە. لە ئاسمان و ڕێسمان. بۆ گەورە و بچووک... بۆ ئێمە بۆ تۆیش... بەڵام من خۆم ئەزانم نازدارم... جوانیم شاگوڵێکە و هێشتا سیس نەبۆتەوە... خەڵکی وەهام پێ ئەڵێن... پێشتریش باوکت، ئەم هۆڵە سەرتاپا ئاوێنە بوو... هەموویان جوانی و شۆخ و شەنگیی منیان تیا ئەدرەوشایەوە. ئەمڕۆش ئەیشارنەوە. ئەم پەردە ڕەشە ئەستوورانە، لە مەولایش هەر ئەیشارنەوە ئەوەی هەڵیانداتەوە یان لە شوێنی خۆیان لایان بەرێ، هەرکەسێ بێ... گەردنی ئەکەوێتە ژێر شمشێری میر غەزەب. ئا ئەمەیە حاڵەکە! بیرت بێ بیکە ئەڵقە و با لە گوێتا بێ.

دوای ئەوەش تۆ خۆت ئەزانی لە وەسێتنامەکەی باوکتا هاتووە: (هەر میرێک کچەکەم بخوازێ کە میراتگریشمە ئەوا ئەبێتە پادشا. با بێ سڵەمینەوە قایل بێ بەو کەسەی دێتە خوازبێنیی. با بەرلەوەی بگاتە شانزەساڵی بگوێزرێتەوە).

گوێت لێ بوو؟ بەرلەوەی ببی بە شانزە ساڵ. سبەینێ ئەبیتە شانزە ساڵ...ئەگەر توانیت شوو بکە!!... تاکو ئێستا دوانزە میر هاتوونەتە پێشێ، هیچ کامیان لووتیان پیادا نەهێناوی... دوای ئەوەش وەسێت یاسایە. گوێڕایەڵیی باوکیش پێویستە. با ئێستا بتبەینە شوێنێکی دوورە دەست. بۆ دوورگەیەک... هێمن... لەوێ کەس دزێویی دەم و چاوت نابینێ لەوێ خۆشت گوێ نادەیتە ناشیرینی ڕوخسارت. چونکە جگە لە کەنیزەکانت کەس ناتبینێ. هەرگیز گوێت لەو حەقیقەتە تاڵە نابێ. لەوێ بە ئارامی و ئاشتی پاڵی لێ بدەرەوە. هەموو شتێکمان بۆ ئامادە کردووی. وتت چی، کچی ئازیزم؟

چراخان: ئەگەر دایکم بەسەر زیندوو بوایە ئەی هێشت نەفی و ئاوارەی دوورگەیەکی

چۆڵ و هۆڵم کەن؟

شاژن: وەسێت هێزی یاسای هەیە.

چراخان: بەڵام نامەوێ لە چۆڵەوانی بژیم، دوور لە خەڵک و ئاوەدانی.

## دیمەنی سێیەم

چراخان – شاژن – گەورەدادوەران

گ.د: (دێت) جا باشە کچی گوێڕایەڵ ئاوا ئەدوێ؟ ئاوا بە ڕووی دایکی شاهانەیا هەڵئەشاخێ؟ ئاگاداربە... ئاگاداربە لە بینینی دەم و چاو!... دژی ئەو شەیتانانەی کە لە هەموو ئاوێنەیەکدا نیشتەجێن خۆت بپارێزە. لە قووڵایی دەروونندا بۆ گەوهەری حەقیقەت بگەڕێ. ئاوێنە فێڵباز و دووڕووە.

شاژن: شازادەخان. ئێستا بچیتە دەرەوە باشترە. (شازادەخان ئەڕوات).

## دیمەنی چوارەم

شاژن – دادوەر

شاژن: چاکە. زۆر پەرۆشم بزانم گەورە دادوەرانی هاوڕێم چی پێیە؟

گ.د: ڕایەڵی فرمانتم. هەروەها – ئەگەر بۆم بلوێ – ئەڵێم:

ئاوێنەیەکی ڕاستگۆم بۆتان.

شاژن: باشە ئاوێنەکەم چیم پێ ئەڵێ؟

گ.د: شۆخترین کچ!... نازدارترین ئافرەت!.

ئەوە باوەڕم پێ ناکەی؟ کەواتە پەردەکان ڕائەکێشم با حەقیقەت لە بەردەم خۆتا ببینی. ئەگەر ئارەزووشت کرد ئەوا تەنیا لەبەر خاتری تۆ کارێ ئەکەم هۆڵەکە بە ئاوێنە بدرەوشێتەوە.

شاژن: نانا... وریایی لەزیان ئەمانپارێزێ. چیی نوێ هەیە لە وڵاتا؟ ئەم میللەتە باشە چ نیازێکی هەیە؟

گ.د: پەرۆشی شەخسی تۆن ئەی شاژن. لە خۆشەویستیی ئافرەتە جوان و پایە بەرزەکەیاندا زەوی ماچ ئەکەن. بێجگە لە...

شاژن: بێجگە لە...؟

گ.د: چەند ڕووتەیەک، ناردمن بۆ پای سێدارە.

شاژن: ئاوێنەیان پێ بوو؟





گ.د: ئەویشیان پێ بوو. بەڵام تاوانیان شاردنەوەی هەندێ ڕێگر بوو.

شاژن: قاو داکەوتووە کە بە هەموو لایەکا بڵاو بوونەتەوە، لە کۆشک ئەڵێن گوایە زۆر کردە و بە دەسەڵاتن.

گ.د: با واز لە باسکردنیان بێنین. با باسی جوانیی شاژنە شۆخ و مەزنەکەمان بکەین.

شاژن: ئەی ئەو میرەی کە لێرەیە؟ ئەگەر شازادەخانی ویست؟ ئەو حەلە ئەبمە بێوەژنێکی تەنیاباڵ و لە کۆشکا ئەکەوم. کێ ئەزانێ. ئەوسا لەوانەیە پایەی گەورە دەداوەران بەتۆ ڕەوا نەبینێ.

گ.د: دڵ لە دڵ مەدە. زەلامی وا مەترسیی لێ ناکرێ. لێبووکێکی گاڵتەجاڕ و سەرخۆشێکی ورگن بەولاوە هیچی تر نییە.

شاژن: وەک داب و نەریت ئەبێ پێشوازی لێ بکەم.

گ.د: بێ گومان. دوای ئەوەش من باوەڕم وایە دەسبڕ بێ. لە گەڵ پیاوەکەیدا بەسواری دوو هێستر هاتوون. پرکێشی ئەوەشی کرد تەشقەڵەم پێ بکات گوایە چی پێ بووە لە چەک و کەلوپەلی ڕێگر تاڵانی کردووە. خۆت ئەیبینی و سەیری حاڵی ئەکەی.

شاژن: ئەی ئەگەر میری ڕاستەقینە بوو؟ ئەگەر خواستی و بووە پادشا بەسەرمانەوە؟ ئەوسا ناچار ئەبم کاروباری شاییەکەشی خۆم بۆی ئامادەکەم.

گ.د: بەڵکو ناچار ئەبم خۆم قەنارەیەک بۆ سەری ئامادەکەم! با سەد جاریش میر بێ، ئەبێ لەسەر مێزی ئەشکەنجە دان بەوەدا بنێ کە دەسبڕ و ڕێگرە. تەنیا ڕۆژێک ماوە... تاقە ڕۆژێک و خەڵکی شار بە وەسێتەکەی شا ئەزانن. ئیتر بە کەڵکی نایە کچە پاشا بێ یان نەء. بە هێمنی ئەگوێزرێتەوە بۆ دوورگەیەکی چۆڵ، تاکو ڕۆژانی تەمەنی لەوێ بەسەر بەرێ. هەرکە سەعات دوانزدە لێیدا خۆم سەرۆکایەتی پاسەوانان ئەگرمە دەست و کێشی ئەکەم بۆ دوورگەکە.

شاژن: ئەوساکە زۆر سوپاست ئەکەم. بەوەفام تا سەر.

گ.د: ئەو حەلە (زینەڵ)ی کوڕتان ئەکەمە پاشای وڵات، هەموو خۆیانی لێ لائەدەن و لە شمشێرەکەی ئەتۆقن. خۆشم یارمەتی ئەدەم و فێر ئەبێ بە دەستێکی پۆڵایین کاروباری شارەکە بەڕێوەبەرێ. بەهاوکاریی خۆم. سەرانسەری ئەم وڵاتە بیانەوێ یان نەیانەوێ، ئەبێ بۆی بێنە سەر چۆک. ئەوسا بە ئاگر و ئاسن هەموو یاخیبووان لەناو ئەبەین.

شاژن: چەن قسەت خۆشە. وەک مزگێنی وایە!

گ.د: ئێستا میر زەینەڵ دێنم... پشت بە من ببەستە بۆ بەڕێوەبردنی کار. دڵنیابە، (ئەڕوات).

## دیمەنی پێنجەم

شاژن – زەینەڵی کوڕی – دێتە ژووریّ

شاژن: زۆرم چاوەڕوان کردی کوڕم. وا کاتی دیاریکراو نزیک بۆوە. دووسبەی، هەر لەم کاتەدا ئەبێتە پاشایەکی مەزن ئەتوانیّ میللەت بەهەندیّ دیاری و خەڵات دڵنیا بکریّ. تاکو ڕایەت و ناچار بەو بارودۆخە قایل ئەبیّ.

زەینەڵ: من لە هەمووان چاکترم. ئەتوانم بەسەر هەمووشیانا زاڵ بم.

شاژن: ئەی ئەگەر یەکیّ بەوە تاوانباری کردی کە گوایە بە فێڵ تەختی شاهیت داگیر کردووە... یان...

زەینەڵ: دڵم پێی ناسووتیّ. هەر کەسیّ بیّ... وەک سەگ لێیان ئەدەم.

شاژن: ئەی ئەو میرەی دوێنیّ هاتووە. هیچ لێی ناتوسی؟

زەینەڵ: ها ها... ورگنەکە؟ ترسنۆک و بیّ مێشکە. هەر ئەوەندەی شەقێکم تیّ هەڵدا ئیتر لە دەرگاکەوە ئەفڕیّ... ئەوسا خۆم دەسەڵات ئەگرمە دەست... خۆم، لە دواشمەوە بەکرێگیراوەکانم.

## دیمەنی شەشەم

شاژن – زەینەڵ – گەورەدادوەران دێتە

ژووریّ – کاکی – سمکۆ – دەستوپێوەن

گ.د: شاژنە شۆخ و بزورگەکەم! خوازبێنیکەری سیانزەهەم هاتووە شازادەخان بخوازیّ. ئەویش میر کاکییە، میری مێرگ و پادەشتەکان. فەرموو میر بچۆ سەر چۆک ، هەردوو دەستی خاوەن شکۆ ماچ کە. (کاکی ماوەیەکی دوورو درێژ دەستی ماچ ئەکات. گەورەدادوەران تووڕە ئەبیّ) بەسێتی ئیتر.

کاکی: (بۆ سمکۆ) دەستی نەرموشل و بۆن خۆشە! بە چۆکا هاتن مرۆڤ تووشی ئازاری ئەژنۆ ئەکات.

شاژن: کەوابوو لەبەر خاتری شازادەخان هاتووی؟ ئاخۆ ئاگاداری تا چ ڕادەیەک ناشیرینە و چەند بیچمی دزێوە؟

کاکی: بیچمم بەلاوە گرنگ نییە، ئەوەیان کێشەی خۆیەتی و پەیوەندی بە منەوە نییە





دوای ئەوەش من خۆشم قۆز نیم.

شاژن: ئەی ئاگاداری مەرجەکەی؟ بەر لە نووسینی ڕێکەوتننامە نابیّ پەچەکەی لابەریّ. هەروەها نابیّ سەیری ڕووی بکریّ.

کاکی: زۆربەی خەڵکی ژن ئەخوازن و ئەشیگوێزنەوە بیّ ئەوەی ڕوویان ببینن. پەندێک هەیە ئەڵیّ: ئەوەی لە نزیک کوورەوە بیّ پریشکی بەر ئەکەویّ.

شاژن: ئایا ئەزانی بەر لەتۆ دوانزە میری دیکە هاتوونەتە خوازبێنیی... هەمووشیان کشاونەتەوە و وازیان لیّ هێناوە؟

کاکی: وڵاتەکانمان دراوسێن. چیی تیایە بەڕێز ئەگەر بێتو لە هاوسێکەم، وەک پەندەکە ئەڵیّ: ماسی لە دەریادا بکرم.

شاژن: کەوابوو، وەک داب و نەریتێک کە لەکۆنەوە هەمانبووە، لە ئاهەنگێکی ڕەسمیدا، سبەینیّ شازادەخان دێتە لات، ئەبیّ ئەوسا خۆت ڕووی لیّ بنێیی و داوای کەی.

کاکی: وتت ئاهەنگ؟ میوانیش دێن؟ جۆرەها خواردن و خواردنەوە؟!

گ.د: میر، بەیارمەتی خۆت، لە قسەکانتا هیچی وەها بەدی ناکەم لەگەڵ سەلیقە و چێژی شاهانەدا بگونجیّ.

کاکی: گەوگەو، بەیارمەتی خۆت، من نامەویّ کەس قسەم پیّ ببڕیّ!

گ.د: ترسی ئەوەم هەیە هەندیّ تەمومژ لەکارەکەدا هەبیّ. ناشزانم ئاخۆ تۆ میری؟ یان هەردووکتان دەسبڕن؟

کاکی: باشتر وایە خەریکی ئاوێنە و دادگا گاڵتەجارییەکەی خۆت بی!

گ.د: ئەڵێی گاڵتەجارِ؟ چۆنە بەلاتەوە ئەگەر ئەو– گاڵتەجارە– وەکو ئەڵێی، بانگت کات بۆ لێکۆڵینەوە؟ چۆنە ئەگەر لێت بپرسیّ چیرۆکی ئەو دیارییانەی بۆ بگێڕیتەوە کە لە گەڵ خۆت هێنابووت؟

سمکۆ: ئەتەویّ بە هەڕەشە و ئەشکەنجە قسەمان لیّ دەربێنی؟

کاکی: لەوە ناچیّ بەو شێوەیەش لەگەڵ میوانا دڵڕەق بن.

گ.د: دڵڕەق نیم. بەڵکو توند و دادپەروەر. دان بەڕاستیا بنێن لێتان خۆش ئەبم.

کاکی: من، لەم جۆرە ڕەوشتەی لێرە باوە سەرم سووڕماوە!

گ.د: چی؟ دان بەراستیا نانێن؟ لەسەر درۆ و دەسبڕین بەردەوام ئەبن... ئێوە بە شێوەیەکی نارەزا درۆ ئەکەن. بەڵکو بە شێوەیەک جێی باوەڕ نییە. بۆیە تووشی سزایەکی توند ئەبن. لەبری ئەوەی شەو لە ئاهەنگ بەسەر بەرن لە

زیندانێک ئەیگوزەرێنن شایستەی خۆتان بێ. لە خزمەتی میر غەزەبا.

سمکۆ: چۆن بەڕووی میرا هەڵئەشاخێی؟ ڕێت پێ نادەم...

گ.د: تۆ دەمت داخە، با میر قسە بکا، تۆ لە نۆکەرێ بەولاوە هیچی تر نیت.

کاکی: چاکە. بەڵێ... کەواتە سەبارەت بەدیارییەکان...

گ.د: چی بوو؟ ئەمەیان چییە؟

زەینەڵ: کەڕەنای... ئاگاداری!

شاژن: کەڕەنای بێگانە.

زەینەڵ: دەرگای کۆشک ئەکرێتەوە.

گ.د: بۆچەکەکانان! ئاگاداری!... ئاگاداری

زەینەڵ: سەربازی بیانی!

## دیمەنی حەوتەم

شاژن – زەینەڵ – دادوەر – سمکۆ

دەستوپێوەن – سەرەک پاسەوان و یاوەران دێن

سەرەک پاسەوان: شاژنی جوان و مەزنمان.

شاژن: ئەو کەڕنا نامۆیە چییە؟

س.پ: کوتوپڕ دەستەیەک سواری سەر بەمیری مێرگ و پادەشت بڵندپایە میر کاکی گەیشتەجێ.

گ.د: چۆن ماوەت دان بێنە ژوورێ؟!

س.پ: دڵڕەقییان لەگەڵ کردین.

گ.د: پێویست بوو دەروازەیان بەڕوودا داخەی و سەگیان تێ بەردەی.

س.پ: ژمارەیان کەم نییە گەورەم. بەڕاستیش پێت بڵێم گەورەم جەنگاوەری بەتوانا و پرچەکن... وتیان ئاوێنە لایان کردەوەیەکی شەیتانییە.

گ.د: بێ مێشک! خەمی ئاوێنەتە، لە کاتێکا ئەو دەروازەیەی تۆ پاسەوانی لێ ئەکەی هێزی بێگانەی پیا ڕەت ئەبێ؟

## دیمەنی هەشتەم

شاژن – زەینەڵ – دادوەر – کاکی – سمکۆ – سەرەک پاسەوان. پیاو – دێتە ژوورێ کەلوپەلی نایابی لەبەرە، ڕیشێکی خوازراوی بۆ خۆی داناوە. یاوەرەکانیشی هەروەها





جلوبەرگی نایابیان لەبەرە.

پیاو: ببەخشن بەڕێزان.. لەوە ئەچێ کارەکە هەڵەیەکی تیابێ. شەرەفی ئەوەم ئەدەنێ گفتوگۆ لەگەڵ گەورە دادوەرانی پشکنینی ئاوێنەدا بکەم؟

گ.د: بەڵێ، هەروەها فەرماندەی هێزەکانی (قەڵا)یش. مادام لە خزمەتما ئەدوێی، فەرموو لە ئاستما کڕنووش بەرە.

پیاو: کڕنووش نابەم! وەزیرێکی پایەبەرزم بە (ورچ بەزێن) بەناوبانگم. هەموو منالێکی ولاتەکەم بەم ناوەوە ئەمناسێ.

هەروەها نازناوی (مشتی بەهێز) یان لێ ناوم یان (مشتی پۆڵایین) سەرەڕای ئەمەش من بۆ سەردانی ئێوە نەهاتووم، بەڵکو بە نیازی ئاشتی و بە دوای کاکیدا هاتووم. میری گەورەمان. میری مێرگ و پادەشت.

کاکی: سەرم ئەسووڕێ!

پیاو: بێ دەنگ بە گەورەی خۆشەویستم. گرنگ ئەوەیە ماوی. ئێمەش بەر لەوەی چەپەڵەکان بتکوژن گەیشتینە جێ.

گ.د: چەپەڵەکان مەبەستت لە کێیە؟

زەینەڵ: مەبەستت لە ئێمەیە؟

پیاو: ئێوە؟ خوا قبوڵ ناکا! لەدەوروپشتی باخەکانتان خەڵکی سەیر هەیە، ڕێبوار ئەبێ خۆی لێیان بپارێزێ. گوایە بەرگوێتان نە کەوتووە کە دەستەیەک چەتە و ڕێگر کەلوپەلی میر کاکییان بەتاڵان برد؟

گ.د: بیستمان بیستمان. ئەی سەبارەت بەئێوە؟ ئەڵێن بەئاسانی خۆتان بەدەستەوە داوە!

پیاو: خۆ بەدەستەوەدانەکە فێڵ بوو، لەپشت ئەو خۆبەدەستەوەدانەوە پلانێکی توندوتۆڵ هەبوو. وازمان لێهێنان بمانبەنە شوێنی کۆڕ و کۆبوونەوەیان کە چاک پاسەوانی ئەکرا و تەواو قایم بوو.

زەینەڵ: تۆ ئەزانی ئەو شوێنە لەکوێیە؟

پیاو: ئەزانم... ئەی گوایە تۆ نازانی؟

گ.د: لەوێ چییان پێ وتی؟

پیاو: وتیان تۆ خوێڕیت. دەسبڕی... مرۆڤێکی بۆگەن و چەپەڵی... تەنیا چراخان شیاوی تەختی پاشایەتییە. بەلام تۆ ئەتەوێ نەفی بکەی بۆ شوێنێکی دوور. وتیان گەل قینی لێتە و تۆ –ببوورە– کرمێکی زەوی بێ نرخی. هەر تۆیش مایەی

کوێرەوەریی شارەکەی. بەم زووانە کاتی ئەوە دێ پەلاماری قەلاکەت بدەن و دەسگیرت کەن.

زەینەڵ: بەسێتی! قسەی بازاڕی بۆ شەقامەکان بەجێ بێڵە!

گ.د: باشە کە ئەوەندە بەدەسەلاتن، ئەی تۆ چۆن لە دەستیان فرتەت کرد؟

پیاو: لە دەستیان فرتەم کرد؟ مایەی بەختەوەرییە برادەرێکمان لەگەڵ بوو ئەو ڕزگاری کردین.

گ.د: برادەر؟

پیاو: برادەرێک هەر لەمناڵییەوە پێکەوە گەورەبووین. بە منالی باوک و دایکی مردن. لە هەموو گەشتێکما لەگەڵم بوو... لەگەڵ سەربازەکانما بەشداری لە پاسەوانی کۆشکەکەما کردووە.

گ.د: جەنابی وەزیر. من زۆر پەرۆشی ناسینی ئەو برادەرەتم.

پیاو: ئەوەندە بەسە بانگی کەم... هو هو هو (بۆرە ورچێک دێت).

گ.د: چۆن جەنابی وەزیر! تۆ ورچیشت هەیە؟

پیاو: هەمە؟ نەخێر! برادەرمە، بەلام مولکی من نییە. (دادوەر لەبەردەم ورچەدا ئەکشێتەوە) هاها، مەترسێ! خۆش ڕەفتارە، ماڵییە!

گ.د: بەڵێ زۆریش... زۆر خۆش ڕەفتارە!

پیاو: بەلام ئەگەر خراپەت لەگەڵ کرد. دەم و دەست ڕۆحت ئەچنێ.

گ.د: ئەی بۆ ڕەنگی بۆرە؟

پیاو: بۆرە ورچ لە پادەشت ناژی. تۆ لای خۆتەوە بیهێنە پێش چاوت، چۆن بەو شەوە یاخیبووەکان لەبەردەمیا هەڵئەهاتن! هەموو ئازایەتییەکە بۆ ئەم ئەگەڕێتەوە کە ئەسپ و کەلوپەلەکانمان دەست کەوتەوە.

گ.د: ئەو کەلوپەلانەمان نیشان دە.

پیاو: هەر ئێستا! (چەپڵە لێ ئەدا دەستوپێوەن دێن، دیارییان هەڵگرتووە. هەموو ئەو شتانەی تیایە کە سمکۆ لە خانەکە باسی کرد) دیارییەکانی میرکاکی بۆ چراخانی دەسگیرانی! لە هەڵبژاردنی موستیلەی زێڕا سەرت دەرئەچێ؟

گ.د: قینم لە بریسکی زێڕ ئەبێتەوە...

پیاو: ئەم تاجە! بەناوبانگترین زەڕەنگەری ولاتی ڕۆم دروستی کردووە... ئەم خشلەش کاری بەلقانە... ئەو گەوهەرەیش بازرگانەکان لە دوورگەکانی مەرجانەوە هێناویانە.





(ورچ دێتە پێشێ و دادوەر ئەکشێتەوە، مەترسێ! ماڵییە. بەنرخترین دیاری، ئەم وێنەیەیە، کە هی میر کاکی خۆیەتی! (خزمەتکار دێن وێنەی کاکییان هەڵگرتووە بە قەبارەی سروشتییە. کالای میری لەبەرە هەڵوێستەیەکی قەرالانەی کردووە).

کاکی: ها دادوەری گەوگەو؟ چاوت لێیە چۆنم؟ ئەوی ڕاستی بێ، ئەو وێنەکێشانە بەجوانی کێشاویانە!

پیاو: لەکۆتاییدا دیارییەک پێشکەش ئەکەین کە بێ هاوتایە! یەکەمین کچە سەمازانی کۆشک. مامزەی دەشت و هەردان، گوڵبەهار!!

## دیمەنی نۆیەم

شاژن – زەینەڵ – دادوەر – کاکی – سمکۆ – سەرەک پاسەوان – پیاو،

گوڵبەهار بەڕاکردن دێت، سەما ئەکات.

گ.د: سەما حەرامە! سەما ئامێری شەیتانە! ڕێگەی چەوت و لەخشتەبردنە.

کاکی: بەلام جەنابی دادوەر تۆ وای سەیر ئەکەی ئەڵێی منالی و دیقەت لە مەمکەمژە ئەدەی.

پیاو: مەرج نییە لێرە خەریکی سەما کردن بی، بەڵکو گرنگ ئەوەیە کەنیزەی شازادەخان بی. نهێنی ناباتە دەرەوە. نهێنی لای ئەو پارێزراوە... وەک لە سنووقێکی داخراو بێ وایە... گوڵبەهار کەرێشە و لالیشە.

کاکی: بەسەزمان! بەلام ئەم ڕێی ئەوەی لێ ناگرێ خزمەتی شازادەخان بکات. بەلای کەمەوە هیچ لای کەس نادرکێنێ.

پیاو: چاکە. ماوەی ئەدەن بچێتە لای و خزمەتی شازادەخان بکات؟ بەڵێ یان نەخێر؟

گ.د: ئارام بگمە... ئارام بگرە جەنابی وەزیر. تەنیا شاژن بۆی هەیە ئەو بڕیارە بدات ئێستاش، دەستووری پێشوازی کۆتایی هات.

پیاو: بەیارمەتی خۆت. تەنیا ماوەی ئەوەم بدە یارمەتی میر بدەم با بەرگی گەدایی داکەنێ لەگەڵ پایەی بەرزی ئەودا ناگونجێ. یان بەلای کەمەوە با جبەی میرێتی بدەم بەسەر شانیا. (جبەیەکی بەنرخ هەڵئەداتە سەرشانی میر، کە وەک جبەی ناو وێنەکە وەهایە).

کاکی: ئەمەم بەلاوە گرنگ نییە. لەگەڵ ئەم جلوبەرگانەدا ڕاهاتووم!

پیاو: ئەوا هەموو شتی جەنابی میر.

کاکی: ئەی خزمەتکارەکەم!

پیاو: هەر ئێستا!

(جبەیەکی دیکەی بەنرخ ئەدا بەسەر شانی سمکۆدا. هەر چەندە لەوەی پێشوو کەم نرخترە).

کاک: (لەگەڵ خۆیا) دنیا ئەسوورێ. تەنیا بەخت و بۆهاتنە. ئەگەر شرەوشاتاڵت لەبەرابێ، هەموو کەس وا ئەزانێ کە ڕەش و ڕووت و سەرگەردانی، زەمانی کەوا بخۆیە... پاشا بە بەرگی شاهانەوە و ڕەشۆکیش بە بەرگی ڕەشۆکییەوە... گرنگ ئەوەیە ئێمە ئێستا... شان و شەوکەت!

گ.د: باشە جەنابی میر، دیارییەکانت لێرە بەجێ بێڵە. (هێما بۆ کەنیزەکە ئەکات) ئەم کەنیزەیەش! ئەگەر خزمەتی شازادەخان بکات ئەوا ئەبێ پەچەیەکی ڕەش بپۆشێ. (کەنیزەکە پەچە ئەپۆشێ. دوای ئەوەی پیاوەکە ئیشارەتی بۆ ئەکات).

سبەی لەکاتی ئەو ئاهەنگەدا کە لەسەر شەرەفی ئێوە ڕێک ئەخرێ، ئەبێ بڕیاری ئەوە بدەی میرکاکی، ئاخۆ قایلی شازادەخانی دزێو بخوازی. کە بۆت نییە بەر لەوەی بیخوازی ڕوخساری ببینی؟!

کاکی: چاکە (بۆ پیاو) گوێ بگرە... تۆ... ئاشپەزە شاهانەکەمت لەگەڵ خۆت هێناوە؟

پیاو: بەڵێ، چی دڵت ئارەزوو بکا ئەوە لێ ئەنێ.

کاکی: خەمێکی گەورە لەسەر دڵم لاچوو.

پیاو: کولیچە و باستورمە... هەموویان لێ سەندنەوە.

گ.د: لەکاتی کولیچە خواردنا میر سەغڵەت ناکەین.

کاکی: کەس ناتوانێ لەکاتی خواردنا سەغڵەتم بکا.

شاژن: خواتان لەگەڵ.

گ.د: دەستووری پێشوازی کۆتایی هات.

(کاکی، سمکۆ، پیاو، ورچ و یاوەران دوور ئەکەونەوە).

## دیمەنی دەیەم

گەوگەو – شاژن – زەینەڵ – گوڵبەهار

شاژن: چاکە... زۆر چاکە.

زەینەڵ: ئەتانەوێ لەبەردەمیا قسە بکەن... ئەی ئەگەر هاتوو بیستی؟ (دادوەر بەبێ دەنگ لە کەنیزە نزیک ئەبێتەوە و لەپەنا گوێیدا چەپڵە ئەکوتێ) درەخت چەند ئەبیستێ ئەمیش ئەوەندە.





شاژن: تەگبیرمان بۆ بکە دادوەری گەورە... چی بکەین باشە؟

گ.د: هیچمان لەبەردەما نەماوە بیکەین ئەوە نەبێ هەموویان بکوژین!... پەڕی ئەوپەڕی تا سبەینێ بەیانی. (هێما بۆ کەنیزە دەکات) بەڵام ئەم کچە باشە نامرێ بۆ مەسەلەی ئاسایشی ڕووت، خزمەتی خاوەن بەرزێتیم ئەکات! پێویستیم بە یەکێکی وەهایە! بێ زمان و بێ دەم و چاو.

شاژن: بەڵام دەم و چاوی هەیە...زۆریش جوانە!

گ.د: بەڵام ئێستا نەء! لەمڕۆوە پەچە ئەپۆشێ.

شاژن: چۆن پلانەکە دانێین؟

گ.د: دڵ لەدڵ مەدە. پلانەکە ئامادەیە... سێ ئەوەندەی جاران پاسەوان دائەنێم.

زەینەڵ: ئەی ورچەکە؟

گ.د: زەهری بۆ ئەکەمە هەنگوینەوە. زەهر لە هەنگوینا بە گران هەست پێ ئەکرێ. مادام بتوانین ئەو هەموو خەڵکە لە ناوبەرین، هەڵبەت ئەتوانین ورچەکەیش لەکۆڵ کەینەوە. سەبارەت بەوان سبەینێ هەموو شتێک یەکلایی ئەبێتەوە... نرخی ئەو لەخۆ بایی بوونەشیان گران لە سەریان ئەکەوێ. (ئەڕۆنە دەرێ، جگە لە کەنیزە).

## دیمەنی یانزەهەم

گوڵبەهار – پیاو – ورچ

(پیاو دێتە ژوورێ. کەنیزەکە دەیکاتە باوەش و شتێ بە گوێیدا ئەچپێنێ).

پیاو: چاوت لێ بوو ورچەکۆڵە... چۆن ڕیشی دەسکرد بەکەڵکمان هات. چۆنیش سوودمان لەو ڕەنگە خۆڵەمێشییە وەرگرت کەپێستی تۆمان پێ بۆیە کرد؟

کۆتایی بەشی دووەم

***

# بەشی سێیەم

## دیمەنی یەکەم

(ژووری چراخان – چراخان – گوڵبەهار – شاژن)

شاژن: شازادەخان! ئەرێوە گوێت لێ نییە؟ لەوە ناچێ گوێت لێم بێ!

چراخان: بەڵێ... بەڵێ شاژن!

شاژن: (قامچی ڕائەوەشێنێ) ئەوە چۆنم بانگ ئەکەی؟

چراخان: دایکی شاهانەم.

شاژن: ئەو میرەی ئەمڕۆ گەیشتووە، هاتووە بتخوازێ دیاریی وەهایشی هێناوە شیاوی مەقامی میران بێ... یەکەم: وێنەی خۆی! سەرنج بدە با مێردی پاشەڕۆژت بناسی. لەوە ناچێ شۆخییەکەی کێشی کردبی، هەرچەندە وێنەکێشی کۆشک بە وردی ڕتووشی کردووە... دووەم: کەنیزەکەی! نرخی لەوەدایە کەڕیشە و لاڵیشە! ئەڵێن سەمازانێکی بەناوبانگی کۆشکە لەوێ... کە وابوو بۆت هەیە سەمات بۆ بکات یان بەهێما گفتوگۆت لەگەڵ بکات. (ئەڕوات).

## دیمەنی دووەم

چراخان – گوڵبەهار

چراخان: لێم نزیک بەرەوە. ئەمەوێ لە نزیکەوە بتبینم. تۆ جوانی... ناوت چییە؟... من ناوم چراخانە (گوڵبەهاری ناوی خۆی ئەنووسێ) گوڵبەهار...! گوڵبەهاری ئازیز. ژیان لە وڵاتی ئێمەدا سەختە مادام لاڵی، خەمەکانت لەلا ئەدرکێنم... قژە خاوەکەت بۆنێکی خۆشی هەیە... بۆنی دەشت و مێرغوزار. ئای خۆزگە ئەمتوانی بە ئازادی بگەڕێم! وازیان لێ ئەهێنام و چاودێرییان نە ئەکردم! بریا نەناسراوێ ئەبووم! گوێم لە چپەچپی چواردەورم نەئەبوو – دۆتمیری دزێو–! بریا مرۆڤێکی ئاسایی بوومایە... ئەوسا تێکەڵی خەڵکی ئەبووم. بەبێ چاودێری و کەی ئارەزووم بکردایە ئەچوومە دەرەوە.

گوڵبەهار: ئەی بۆ ناچیتە دەرەوە؟

چراخان: ئەی بۆ ناچمە دەرەوە؟

گوڵبەهار: بەڵێ... بۆچی ناچی؟

چراخان: چی؟! ئەوە قسە ئەکەی؟! ئەشبیستی؟ زۆر چاکە! کە وابوو پێکەوە باسی





هەموو شتێک ئەکەین. باسی کێشە و خەمەکانت بۆ ئەکەم.

گوڵبەهار: جا بۆ نایکەی؟

چراخان: ئەگەر ئێستا شاژن بتبینێ، هەرگیز لێت خۆش نابێ! کەواتە فێڵت لێ کردووە؟ خۆت لێ کردووە بە کەڕ و لاڵ؟

گوڵبەهار: ئەی بۆچی نەیکەم؟ مافی خۆمە جیاوازی لە نێوانتانا بکەم. شاژن لە جێی خۆی و تۆ لە جێی خۆت. لەبەر دڵی منا تۆ باشتری. پێم خۆشە بە دڵسۆزی خزمەتت بکەم خانمەکەم. بەڵام بەشێوەیەکی تر و جیاواز لە خواستی شاژن جیاواز لە خواستی دادوەری خوێنمژ.

چراخان: نامەوێ خانمت بم... تۆ لای من قەرەواش نیت بەڵکو دەستە خوشکمی... ببە بە خوشکم. منیش ئەبم بە خوشکت. ئەگەر ئەنگوستیلەکەمت ئەوێ بیبە... جوان نییە، بەڵام بەنرخە.

گوڵبەهار: باشە ئەنگوستیلەکەتم بدەرێ... منیش جلوبەرگەکانمت ئەدەمێ.

چراخان: جلوبەرگەکانت؟

گوڵبەهار: خەڵکی بە بەرگا ئەمانناسنەوە، کەسێتیی ڕاستەقینەمان ناناسن. پێت خۆشە بە سەربەستی بگەڕێی؟ ئەتەوێ ببی بە گوڵبەهار؟

چراخان: ئەی بۆچی نامەوێ؟

گوڵبەهار: پێویستت بەوە نابێ لەگەڵ کەس بدوێی... هەموو کەس وا ئەزانێ کە تۆ گوڵبەهاری کەڕولاڵی.

چراخان: ئەی ڕوخسارم؟

گوڵبەهار: بەپەچە بیشارەوە.

چراخان: باشە جلەکانت بێنە... سوپاسی ئەم دیارییە گەورەیەت ئەکەم. ئای... ناتوانی شتێ لە جوانیی خۆتم پێ ببەخشی. هەر وەکو ناشتوانی شتێ لە ناشیرینییەکەم بۆ خۆت ببەی. (جلوبەرگی سەرەوە ئەگۆڕنەوە).

گوڵبەهار: وتت ناشیرینم؟ کێ وای وت؟

چراخان: شاژن، گەورە دادوەرانی، کوڕەکەی، دەستوپێوەنیشی.

گوڵبەهار: ئەگەر پێت بڵێم جوانی لەوانەیە بڕوام پێ نەکەی! بەڵام لەبەردەم هەر پیاوێکی نەناسدا ڕووت هەڵماڵە، ئەمجا ئەزانی.!

چراخان: ئەی ئەگەر هاتوو دڵنەوایی درۆی لەگەڵ کردم؟

گوڵبەهار: سەیری چاوەکانی بکە. لەوانەیە زمان درۆ بکات، بەڵام چاو هەرگیز درۆ

ناکات. ئێستاش برۆ... خۆ غیرەتی تەواوت هەیە؟

چراخان: ئەی بۆ نیمە؟!

(چراخـان ئەڕوات. خـۆی بە گـەورە دادوەران دا و وەخـتـە لە ترسـا هاوار بکات. بەڵام گـوڵبـەهار هێـمای بۆ ئەکات و غـیـرەتی ئەنێـتـە بەر، بەسـەر خۆیا زاڵ ئەبێ، ئەڕوات).

## دیمەنی سێیەم

گوڵبەهار – گەورەدادوەران – گوڵبەهار بە بەرگی چراخانەوە

گ.د: وا هاتم بۆ لات، تاکو بۆ ڕێگای کۆتاییت ببەم ڕێگەی تۆبە و پەشیمانی.

گوڵبەهار: تاکو ئێستـاش، لەسەر بڕوای خۆمم. تاکو ئێستـاش هەر شازادە چراخانم. کـەسـیش نیـیـە لە وڵاتا لـە خـۆم پایەدارتر بێ، ئیـتـر چۆن داواکـاریی وەهام پێشکەش ئەکەی؟

گ.د: چۆن زات ئەکـەی لەبەر دەمما بەم شێـوەیە بدوێی؟ کـوا ئەو گیـانی لە خـۆبوردنەی شازادە چراخانی پێ ناسرابوو؟ لێم ناترسێی... یان...؟

گوڵبەهار: گـوایە لێت بترسم دادوەری دادگای ئاوێنە؟ بۆچی لە کەسێ بـترسم خۆی بە قەدەغەکردنی ئاوێنەوە خەریک کردبێ؛ کە حەقیقەتمان نیشان ئەدات؟

گ.د: دەنگت ناوێزە و توند دیارە!

گوڵبەهار: مەشق ئەکەم جەناب. تاکو لەگەڵ گەلەکەما فێری گفتوگۆکردن بم. دوو سبەی تاجی شاهانە لەسەر ئەنێم... ئەمە شاژن... شاژنێک هەموو شتێک ئەبیـستێ و هەمـوو شـتێک ئەبینێ... دەستم بە مۆرکردنی سکاڵانامە و بەخشـینی پارە و دیارییەوە ماندوو ئەبێ. دیارە بەسەر بێ دەرامەت و نەدارانا.

گ.د: بەخشین؟... پارە... ؟! ئەتەوێ بەرەو کوێمان ببەی؟ پەڕی ئەوپەڕی ماوەی ئەوەت پێ ئەدرێ ناوەڕۆکی دانیشتنەکان مۆر بکەی.

گـوڵبـەهار: ئەگـەر بووم بە شـاژن... ئەوا دەرگـای گـەنجـینە و زیندانەکـان ئەخـەمـە سـەر پشت. بەڵام سـەبارەت بەوانەی پێیـان ئەڵێن (یاخیـبوو)و(ڕێگر) ئەوا لەسەر شـەرەفی ئەوان جـاڕی بـانگهـێـشـتنێکی گـەورە ئەدەم بۆ شـێـو کـردن. مەرسوومێکیش دەرئەکەم بۆ لێبووردنیان.

گ.د: ئەوسا ئەوانیش زوو لەسەر تەخت لات ئەبەنو دەسەڵات ئەگرنە دەست.

گوڵبەهار: جا بۆ نەیگرنە دەست؟ با بە شێوەیەکی عادیلانە بڕیار بدەن و بەڕێوە بەرن.





سزای پیـاوخراپیش بدەن... من لێیـان ناترسم... لەبەر چی لێیـان بترسم؟ بەڵام تۆ ئەی گەورە دادوەران و فەرماندەی گشتی... لێیان تۆقیوی!

گ.د: من لەکەس نەتۆقیوم! بڕوا و شمشێرەکەم پۆڵایین. نوێژ بکە کچەکەم بگەڕێرەوە بۆ ڕێگای ڕاست... قـسـەکـانت بێ سـەرو پێن. ئەمـەش بەهۆی کـارتێکردنی شەیتانەوەیە بۆ سەر ئەقڵت! تۆ نە شاژنیت و نە هەرگیز ئەبیە شاژن! هەموو مەسەلەکە ئەوەیە تۆ کەوتوویتەتە ژێر کاریگەریی خەیاڵ و واهیمەوە.

گوڵبەهار: جا تۆ جیـاوازی نێوان واهیـمە و ڕاستـەقینە ئەزانی؟ جا تۆ جیاوازی نێوان حەقیقەت و خەیاڵ ئەزانی؟ برۆ لە ئاوێنەدا سەیری خۆت بکە، ئەوسا ئەبینی. (گوڵبەهار ئەڕوات).

کۆتایی بەشی سێیەم

***

# بەشی چوارەم

## دیمەنی یەکەم

باخچەی کۆشک – سەرلەبەیانی ڕۆژی داهاتوو – سمکۆ – کاکی

کاکی: ئێستاش میرم؟ لێرە شتەکان چۆن ئەبینی؟ تێرت نەخوارد لەم یاری خۆگۆڕینە؟

سمکۆ: یاریی خۆگۆڕین؟

کاکی: هێشتا هەر ئارەزووت لێیە دەوری نۆکەری تایبەتی من ببینی؟

سمکۆ: ئەوەی بەرگی شڕ بپۆشێ، چاکتر و زۆرتر ئەبینێ. ئێستا چاکم ئاگا لێیە، کە ئەم شارە چۆن لەژێر باری ستەما ئەناڵێنێ.

کاکی: باشە ئەی کێ ئەبێ بە پاشا؟

سمکۆ: جا مەبەستت چییە؟

کاکی: تۆ یان من؟

سمکۆ: لەوە ئەچێ شازادەخانت بۆ خۆت بوێ!

کاکی: ئەمەوێ؟ بەڵێ، هەزار جار بەڵێ! پیاو بریا بە درێژایی تەمەنم لێرە بوومایە... پیاو بە سێ قورۆش مراوییەکی برژاو و کەڵەشێرێکی بریانی دەست ئەکەوێ. شارێکی نموونەییە بۆ تەوەزەل و دووڕووەکان. هەر ئەوەندەی درۆیەکم هەڵبەست خێرا بووە بە حەقیقەت... بەم شێوەیە کام پیاوی لە هەموویان درۆزنتر بێ، گونجاوترینیانە بۆ تەختی پادشاهی... بۆ مەسەلەی ئاوێنەش ئەوەندە بێ تاقەتم مەکە... هەر لە مناڵیمەوە زۆرم ئارەزوو لە سەیری ئاوێنە نەبووە، چونکە قەڵەوم... تاکو ئێستاش چڵێسم و زۆریش ئەخەوم. نیازم وایە لەسەریشی بەردەوام بم... بەشێنەیی دۆتمیری دزێویش ئەخوازم. تەنانەت ئەگەر وەک کونەبەبووش بووە... لێرە لە گەڵیا ئەمێنمەوە.

سمکۆ: ئەی ئەگەر هاتوو دزێو نەبوو؟ ئەگەر هاتوو وەک ئافرەتانی دیکە وەهابوو؟

کاکی: ئەگەر دڵت گرتی ئەوا شەخسییەتمان ئەگۆڕینەوە. سەبارەت بە خەڵکی، لەوە ناچێ ئەوان مەبەستیان بێ کێ ئەچێتە سەر تەخت. دڵنیایان بکە و بڵێ منم میر، ئیتر قایل ئەبن.

سمکۆ: دنیا بەلای تۆوە وا دەرئەکەوێ وەکو بێ کێشە بێ وایە. ئەگەر چەردەیەکیشی تیابێ ئەوا پەیوەندیی بەتۆوە نییە.

کاکی: بۆ ئەمڕۆت بژی. لە کوێدا پچڕا لەوێدا گرێی بدەرەوە.





## دیمەنی دووەم

سمکۆ – کاکی – پیاو

پیاو: (دێت و سڵاو ئەکات). ئەمڕۆ چۆنی میری گەورەم.

کاکی: ئای وەزیری خۆشەویستمان جەنابی خاوەن ورچ! حاڵی ورچ لە چییایە؟... بە چاکی ئەلەوەڕێ؟

پیاو: دڵنیابە... سەبارەت بەخواردن، کەس وەکو ئێوە ژەمی باشی دەخوارد نەدراوە. لەگەڵ ئەوەشا شاژن ئەم بەیانییە چەند شانەیەک هەنگوینی بۆ ناردبوو.

کاکی: (بەغیلی پێ ئەبا) ها... جا هەمووی خوارد؟!

پیاو: نەیخوارد، چونکە ژەهراوی بوون!

سمکۆ: لێرە چەند داب و نەریتی سەیریان هەیە. ناهێڵن مرۆڤ ڕووی خۆی ببینێ و، زەهرە ئەکەنە خواردنەوە بۆ میوان!!

پیاو: بەڵام تۆ جەنابی میر کاکی مەترسێ، تۆ ئاشپەزی تایبەتیت هەیە.

کاکی: ئەرێ بەڕاست بیرم کەوتەوە!... ئاشپەزەکەم ئێستا خەریکی چییە؟ لەوە ئەچێ نیازی وابێ بەرچاییمان نەداتێ.

## دیمەنی سێیەم

سمکۆ – کاکی – پیاو – کاڵێ

کاڵێ: (دێت) هەر ئێستا گەورەم! بەرچایی ئامادەیە.

کاکی: ئای کێ ئەبینم؟ کیژۆڵەی خاوەن خان؟ ئهم... ئهم... چ خواردنێکت بۆ ئامادە کردووین؟

کاڵێ: من یاریدەدەری ئاشپەزی میرم. بۆ بەڕێزتان بەرچاییمان ئامادەکردووە... بریتییە لە گۆشت قازی برژاو. سینگی کەڵەشێری کێوی، بە ڕۆنێکی کەم سوورکراوەتەوە... جگەری مراوی، دڵی ماسیگرەی دەریا، لەگەڵ پۆرچینا (کاکی سەرەتا تامی ئەکات ئەمجا ئەیماشێتەوە) بەڵام لەسەرخۆ... لەسەرخۆ کەوچکەکە دانەپاچی؟!

کاکی: وس بە ئاشپەزخان! من هەم میر و هەم لێپرسراوی تۆم... وەرە... من ڕاهاتووم بەرچایی لە چێشتخانە بخۆم... نزیک گری ئاگردانەکە. (لەگەڵ کاڵێ ئەڕوات).

## دیمەنی چوارەم

سمکۆ – پیاو

سمکۆ: جەنابی وەزیر... چۆن لەگەڵ ئەم دەورە نوێیەدا ڕاهاتی؟

پیاو: تۆ چۆن ڕاهاتی منیش هەمان دەستوور جەنابی میر... ئەوە بەڕاستیتە خۆت کردووە بە نۆکەر؟

سمکۆ: چاکە... هەڵبەت لەودیو ئەم خۆگۆڕینەوە نیازێکم هەیە.

پیاو: منیش کارێ ناکەم سوودی بۆ خۆم تیا نەبێ.

سمکۆ: بەڵام سەبارەت بە ئێمە. هۆی چییە وەک فریشتە پاسەوانیمان ئەکەی؟ ئەی ئەم هەموو کەلوپەلەت لە کوێ هێنا؟ ئەنگوستیلە و وێنە و دەستوپێوەن؟

پیاو: بەلای کەمەوە میرم، دان بەوەدا ئەنێم کە ئێمە لە کاتی گونجاودا گەیشتین. ئێ دوای ئەوەش کاتی خۆی پێم وتی کە ئەگەر پێویستی کرد کۆمەگت ئەکەین.

سمکۆ: مەبەست لە – ئێمە – کێیە؟

پیاو: ئێمە، ئێمە هەردووکمان.!.

سمکۆ: خۆت و ورچەکەت! بەڵێ بەڵێ... ئەزانم! بەڕێز ئەگەر بڵێی نەختێ تەمومژ چوار دەوری داوی، تۆیش بەلاتەوە وا نییە؟

پیاو: ئیتر من وام... وەکو ئەمبینی.

سمکۆ: ئەگەر تەڵەکەباز بی یان نەبی، گرنگ ئەوەیە وەک برادەرێک هاتوویتە پێشەوە، بەڵکو وەکو برایەک... لە کاتی تەنگانەدا. سەرچاو هاتی...

پیاو: میرم... ئێمە پێویستیمان پێت هەیە.

سمکۆ: ئێمە... مەبەستت لە کێ بوو؟

پیاو: گەلەکەم... وڵاتەکەم... هەموو لێرە پێویستیمان پێتە. میرنشینی ئێوە و هی ئێمە لە وڵاتێکدایین. گەلەکەمان یەک گەلە. وەک ئەبینی. وڵاتەکەمان لەژێر دروندایەتیی ستەمدا ئەناڵێنێ. ئەمانەوێ لە گەڵمانا بچیتەوە بە گژ دادگاکانی پشکنینی ئاوێنە و لیژنەکانیا... شازادەش بخوازێ، کە میراتگری ڕاستەقینەی تاج و تەختی وڵاتە... ئێمە بڕوامان وایە کە ئەبیتە پادشایەکی دادپەروەر و پشت و پەنا بۆ ڕەشوڕووت.

سمکۆ: هیوادارم لەم کارەدا سەرکەوتوو بین. لە ئێستاوە ماوەم بدە بە دۆست و برادەر بانگت بکەم. (تەوقە ئەکەن. پیاو ئەڕوات).





## دیمەنی پێنجەم

(سمکۆ – چراخان – چراخان بە پەچەوە دێت، بەرگی گوڵبەهاری پۆشیوە)

سمکۆ: تاوێک... تاوێک بوەستە!... تۆ کێی؟ کێ نیت؟ سیحر و ئەفسوون لە هاتنتایە، سیحرێک گیانم دائەگرێ ئەگەرچی ناشت ناسم... وا هەست ئەکەم لێمەوە نزیکی... لەبەر دڵما خۆشەویستی... چۆن هۆشت لێ سەندم؟ ئای... ئێستا گەیشتمە ئەو نهێنییە. تۆ ڕەوتت وەکو ئاوازە... لە ڕەوت و ڕۆین و لارو لەنجەتا ئاواز هەست پێ ئەکەم!. ڕەنگە بە جەرگ بم... یان لەوانەشە پەلەم کردبێ... بمبەخشە!... (چراخان بە هێما تێی ئەگەیێنێ کە گوڵبەهاری کەڕو لاڵە) چی؟... گوایە تۆ سەماکەرە کەڕو لاڵەکەی؟ نەخێر!... کە گوڵبەهار سەمای ئەکرد... سەماکەی لە بەرگی کردنێکی ئاڵۆز ئەچوو... ئەو کاتێ سەما ئەکات وەک کڵپەی ئاگر وەهایە... کەچی تۆ لە شنەی شەماڵی گەردوگوڵی بەیان ئەچی... دە شتێک بڵێ... پێم خۆشە ڕووت ببینم... هەبێ و نەبێ ڕووت جوانە... دەنگیشت ناسک و گەرمە.

چراخان: من ناشیرینم... زۆریش ناشیرینم.

سمکۆ: چاوت لێیە؟ کە وابوو تۆ گوڵبەهار نیت، تۆ کەسێکی دیکەی. هەرچەندە بەرگی ئەوت پۆشیوە.

چراخان: بەڵێ!

سمکۆ: باشە تۆ کێی؟ (چراخان وەڵام ناداتەوە) ئەی کێ ئەم وشەی ناشیرینەی خستە دوات؟

چراخان: هەر کەسێ ڕووم ببینێ بێزم لێ ئەکاتەوە. من دزێوترین کچی وڵاتم. شاژن وام پێ ئەڵێ، گەورە دادوەران و دەستوپێوەن... هەموویان.

سمکۆ: ئەوەی دەنگی تۆی هەبێ... لار و لەنجەی تۆی هەبێ... قسەی تیا نییە هەر ئەبێ شا جوان بێ!

چراخان: جا تۆ لەوە دڵنیای کە ئەیڵێی؟

سمکۆ: زۆریش دڵنیام.

چراخان: ڕووت پێ نیشان ئەدەم. ئەبێ ڕاستیم پێ بڵێی. تاکو بۆت دەرکەوێ کە ئەوەی ئەیڵێی واهیمەیە! (ڕووی ئاشکرا ئەکات) ئا ئەمە حەقیقەتەکەیە!

(سمکۆ پێئەکەنێ، بەختیارە) ئەوە پێم پێئەکەنێ؟

سمکۆ: من لەسەر حەق بووم... کە بۆی چووم شا جوانی... لە گەشت و گوزاردا زۆرم شۆخ و شەنگ و نازدار بینیوە. بەڵام تاکو ئێستا لە تۆ جوانترم چاو پێ نەکەوتووە.

چراخان: نا... تۆ دڵنەواییم ئەکەی. وشەکانت بەزەییبیان تیایە، بەڵام درۆزنن.

سمکۆ: وشەکانم بەزەییبیان تیا نییە، بەڵکو حەقیقەت و ڕاستییان تیایە، پرس بە ئاوێنە بکە ئەو ڕاستیت پێ ئەڵێ.

چراخان: ئاوێنە؟ قەدەغەیە... ئەی نەتزانیوە؟

سمکۆ: ئۆهـ... بەڵێ بەڵێ!

چراخان: تۆ غەریبی؟

سمکۆ: لەگەڵ میر کاکیی گەورەما هاتووم بۆ ئێرە.

چراخان: ئەو میرەی کە هاتووە شازادەخان بخوازێ؟ باسی وڵاتەکەتم بۆ بکە.

سمکۆ: هەژارە... بێ دەرەتانە... تا چاو بڕ بکا بیابانی وشک و برینگ... بێ شینایی و ئاو... بەڵام تا بڵێی جوان. لە خۆرنشینا نییە لێی قەشەنگتر... ئای!!... مێرگەکانی لە ژێر ئەسپی داگیرکەراندا کوێر بوونەوە... لە شارەکانی برسێتی لە دێهات هەژاری.

چراخان: کە وابوو بۆیە میرەکەتان هاتووە بۆ لامان؟ نەبوونی پاڵی پێوە ناوە؟

سمکۆ: تەنیا لەبەر ئەو هۆیە نییە. بیرت چۆتەوە کە میرنشینی هەردوو لامان لە وڵاتێکدایە و، لە بنەچەدا یەک گەلین؟ ئەگەر ئەم دابەشکردنە دەستکردە نەبوایە، سوپای داگیرکەران هەڵیان نە ئەکوتایە سەرمان. ئێستا هێزێکی گاڵتە پێ نەکراو ئەبووین...

چراخان: ئەوەی تاڵیی نەداری و چەوسانەوە بنۆشێ، چاک ئەزانێ جیاوازی نێوان چاکە و خراپە بکات... ئای کە میرێکی هەژارە! تەواو وەکو شازادەخانی ئێمەیە.

سمکۆ: ئەرێ ئەوە ڕاستە کە ئەڵێن دزێوە؟

چراخان: تاکو ئێستاش کەس ڕوخساری نەدیوە. ئەو پەچەیە لە ڕووی نابێتەوە. بەڵام تەنانەت ئەگەر جوانیش بێ، جوانییەکەی بەکەڵکی نایە. چونکە ئەم ئێوارەیە ئەبێ مێرد بکات بە میرکاکی. ئەگینا سبەینێ دوور ئەخرێتەوە بۆ دوورگەیەکی چۆڵ و هۆڵ... لەوێ ئەکوژێتەوە وەکو چۆن ڕۆشنایی مۆم ئەکوژێتەوە.

سمکۆ: ئەی ئەگەر هاتوو شووی بە میرکاکی کرد و بوو بە شاژنێکی بە دەسەڵات؟ با ئەو مێرد بە میرکاکی بکات... ئێمەش بیینە هاوسەر. ئەوسا هەموو لایەک





ژیانێک ئارام و بەختەوەر ئەژین.

چراخان: بەسم گاڵتە پێ بکە! پێم بڵێ... ناشیرین نیم؟

سمکۆ: تۆ وەک دڵۆپی خوناو جوانی... نیانی وەک سروەی شەماڵی بەیانی... مادام سەیر کردنی ئاوێنە قەدەغەیە، دە تۆ سەرنجی چاوەکانم بدە.

چراخان: جا چیبیان تیا ئەبینم؟ وەک جووتێ مێرگی قووڵ و بێ گەرد وەهان.

سمکۆ: ڕووی خۆتیان تیا ئەبینی.

چراخان: چاوەکانت لە چاوانی کۆرپەپەک ئەچن بەدەم بینینی بووکە شووشەیەکی جوانەوە بزە بیگرێ.

سمکۆ: لەوانەیە شۆخوشەنگی تۆ بسەلمێنن. وەکو ڕەوە ئەسپێک بم و تۆرێکی بۆش ڕاکێشم. ئەمجا لەتوێی چرپەکانیا مرواریبیەک بدۆزمەوە... نازانم تۆ کێی... بەڵام خۆشم ئەوێی! ئەی تۆ ناتوانی منت خۆش بوێ؟

چراخان: نانا... نا... نا...!

سمکۆ: نا؟ بۆچی نا؟

چراخان: ناتوانم مافی ئەوەم نییە.

سمکۆ: گوێت لێیە! ئەم ئاوازانە چەن خۆشن. (سمکۆ لە شێوەی سەمادا هەڵسوکەوت ئەکات. چراخان بێ ئەوەی ئاگای لە خۆی بێ بەشداری ئەکات، هەڵسوکەوتەکەیش لە سەمایەکی ڕێکوپێک و ئاسایی ناکات) چەند نازداری! وەکو ئاواز لەنجە ئەکەی. (دەنگی تەپڵ).

چراخان: ئەمەیان مۆسیقایەکی دیکەیە.

سمکۆ: تەپڵی سەربازییە... ئەو سازەی سەمات لەسەر کرد هی وڵاتی خۆمە... بەڵام ئەمەیان، مارشی گەللە سەری ئادەمیزادە. پێم بڵێ. هۆی لێدانی ئەم جۆرە مارشە چییە لای ئێوە؟

چراخان: ئەوە هەژارێک ئەبەن بۆ پای سێدارە.

سمکۆ: کێن ئەوانە؟

چراخان: سەربازی دادگاکانی پشکنینی ئاوێنە.

سمکۆ: ئەی پێم ناڵێی ناوت چییە؟

چراخان: ناوی خۆمت لا نادرکێنم. بە نهێنی ئەمێنێتەوە.

سمکۆ: کەی بتبینمەوە؟

چراخان: هەرگیز نامبینیتەوە! (بە ڕاکردن دوور ئەکەوێتەوە).

## دیمەنی شەشەم

سمکۆ – گەورە دادوەران بە بەرگی جەنگەوە

گ.د: میر لە کوێیە؟

سمکۆ: چیت لێی ئەوێ؟

گ.د: بۆ من نەهاتووە وەڵامی پرسیاری تۆ بدەمەوە... لەکوێیە؟

سمکۆ: لەوانەیە لە چێشتخانە بێ.

گ.د: بیهێنن!

## دیمەنی حەوتەم

(سمکۆ – گەورە دادوەران – زەینەڵ – سەربازێک کاکی لەگەڵ خۆی هێناوە)

کاکی: ئەمجارەیان چی ڕوویدا؟

گ.د: شتی زۆر گرنگ.

کاکی: جا من پەیوەندیم بە شتی زۆر گرنگەوە چییە؟ بۆچی لە کاتی بەرچاییدا بێ دەنگیم لێ ئەشێوێنن؟

گ.د: من بە ئەرکی سەرشانم هەڵئەسم لە ڕاوانانی شەیتانی ئاوێنەدا.

کاک: منیش هەمان دەستوور بە ئەرکی سەرشانم هەڵئەسم کاتێ کە بەرچایی ئەخۆم! بەرچاییش ئەرکی سەر شانە... بەڵکو ئەرکێکی پیرۆزیشە.

گ.د: من جەنابی میر ناچارم کە میزاجت تێک بدەم.

کاکی: لەبەر چی؟

گ.د: ئەو دەستە سوارەی یاوەرت. سەربازەکانت!

کاکی: ئەوە بە ڕاستتە گەوگەو؟

گ.د: پێم مەڵێ گەوگەو! تکات لێ ئەکەم! پیاوەکانت ئامێری شەیتان بەکار ئەهێنن!

کاکی: ئامێری شەیتان؟

گ.د: ئاوێنە!

کاکی: کەواتە! هەبێ و نەبێ ئەوە ڕیشیان ئەتاشن!

گ.د: تۆ لەو باوەڕەدا نیت بەم ڕەفتارەیان دەستوپێوەن و سەربازانمان ئەورووژێنن؟ یاوەرەکانت دێو و درنجن، بۆ بەرژەوەندی ئیبلیسی گەورە شەیتانەکان کار





ئەکەن... بە کورتی چەکمان کردن و... خراونەتە ژێر چاودێرییەوە.

سمکۆ: سەربازەکانت بەدیل گرتوین؟ ناپاکیت لەگەڵ کردووین؟

گ.د: تۆ جارێ هێمن بە. بە دیلمان نەگرتوون... ئەوەندە هەیە سەرپەرشتی نیشتەجێ کردنیان ئەکەین. ئەوە بزانن کە ئێوە میوانن لامان... ئەبێ پەیڕەوی نەریت و یاساکانمان بکەن. بە کورتی... ماوەی کەستان نادەین ئامادەی ئاهەنگی ئەم ئێوارەیە بێ جگە لە میر و نۆکەرەکەی.

سمکۆ: ئەی وەزیر؟

گ.د: ئەوەتا... خۆت قسەی لەگەڵ بکە.

## دیمەنی هەشتەم

سمکۆ – کاکی – گەورە دادوەران – زەینەڵ – دوو سەرباز پیاویان داوەتە دەست پێش، سمکۆ لێی نزیک ئەبێتەوە، پیاو دەستە کەلەبچەکراوەکانی بەرەو ڕووی درێژ ئەکات.

کاکی: ئەی ورچ؟

گ.د: تۆپی! ئاسەوارێمان نەدۆزییەوە کەوڵەکەی نەبێ. بۆ کوێ چوو؟ گومانی تیا نییە تۆپیوە... بەبێ ورچ لەوە ئەچێ توانای قسەکردنیشت نەبێ. ئیتر بەکەڵکی چیت دێ با پێشت بڵێن مشتی پۆلایین یان ورچ کوژ؟ ئێستاش میر... لە ئێستاوە ئەگەر نیازت بە شازادەخان مابێ ئەوە تەنیا خۆت بڕیاری لەسەر ئەدەی.

(دادوەر ئەڕوات، زەینەڵ بەدوایەوە، سەرباز پیاو ئەدەنە پێش... پیاو لە سمکۆ نزیک ئەبێتەوە).

پیاو: (ئەچپێنێ بە گوێی سمکۆدا) مەترسێ شۆڕش دەستی پێ کردووە. بە قوللەی قەڵادا هەڵزنێ، چوار مەشخەڵ ئاگردە، ئەوسا کەڕەناکە فووی پیا ئەکات، دەشتەکان بە گڵپەی ئاگر ئەتەقنەوە... بە دەنگمانەوە دێن!

کۆتایی بەشی چوارەم

***

# بەشی پێنچەم

## دیمەنی یەکەم

هۆڵی ئاوێنەبەند. هەمان شوێنی ڕووداوەکانی بەشی دووەم – چراخان – گوڵبەهار هەردووکیان گەڕاونەتەوە بۆ دۆخی ڕاستەقینەی خۆیان.

گوڵبەهار: پێم وتی خوشکم... خانمەکەم، کاتێکی زۆرت لەبەردەمایە... ئیتر بۆچی پەشۆکاو دیاری؟

چراخان: لەبەردەم تاقیکردنەوەدام گوڵبەهار... تۆقیوم لەم کارەی پێی هەڵئەسم. زۆر شپرزەم و لەدڵەڕاوکێی ئەو ساتەدام کە بەم زووانە بەرەو ڕووی ئەبمەوە.

گوڵبەهار: لەچی ئەترسێی؟

چراخان: لەوەی کە هەموو شتێک جێ ئەهێڵم. ماڵئاوایی لەم کۆشکە ئەکەم کە تیایا پەروەردە بووم و هەموو ئازار و ئەشکەنجەیەکی دیوم... چەندم پێ خۆشە بە هێمنی ماڵئاوایی لێ بکەم... بەڵام ناتوانم... ناتوانم بە خەیاڵیش لێوەی دوور بم... وا هەست ئەکەم وەک کێوێک خەم و کوێرەوەری چۆک لەسەر سینگم دابدا ئەگەر بێتو بەجێی بێڵم... بەجێ هێشتنێک ئیتر ناتوانم بۆی بگەڕێمەوە.

گوڵبەهار: جا بۆچی بەجێی دێڵی؟ مێرد بە میر کاکی بکە ئیتر ئەبیتە شاژن... پاشان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە فەرمانڕەوایی ئەو خەڵکە بکە.

چراخان: ناتوانم درۆ بکەم گوڵبەهار. ناشتوانم هەست و ئارەزووەکانم بشارمەوە.

گوڵبەها: جا چ پێویستییەکت بەدرۆ و شاردنەوەی هەست و ئارەزوو هەیە خانمەکەم. تۆ ئەبیتە شاژن، کەس ناتوانێ بەسەرتا بخوڕێ.

چراخان: بەڵام ناتوانم ببمە هاوسەری میر کاکی لە کاتێکا من نۆکەرەکەیم خۆش ئەوێ؟!

گوڵبەهار: تا ئەو ڕادەیە خۆشت ئەوێ؟

چراخان: خۆشم ئەوێ! خۆشم ئەوێ! لە یەکەمین نیگاوە دڵی بردووم بە تاڵان! ئەوە لێم ئەپرسی گوایە خۆشم ئەوێ؟ خۆزیا هەموو ژیانم لەگەڵ ئەودا بەسەر ئەبرد... تاکو بەسەر زیندوو بم ژوانی ئەمڕۆم بیر ناچێ خۆشەویستیی هەموو گیانمی گرتۆتەوە!. ئای کە ژوانی ئەمڕۆ چ سۆز و گەرمییەکی پێ بەخشیم! سبەینێش... سبەینێ هیچ بەدی ناکەم لە ساردی تەنیا باڵی بەولاوە... تاکو بەسەر زیندوو بەم ژوانی ئەمڕۆ لەیاد ناکەم! وەکو ڕۆژگار بارتەقای هەرەمێک





کوێرەوەری بۆ ڕەخساندبم. تا تیایا بە دیلی بژیم و یادگارەکانم کاوێژ بکەم و... ڕۆژ و ساڵانی تەمەنم بژمێرم.

گوڵبەهار: ئەگەر لە جێی تۆ بوومایە، زیاتر شێنەیی ئەبووم، ئەچوومە بنج و بناوانی ژیانی میر کاکی و نۆکەرەکەی، بەر لەوەی کەوڵەکە ئاو بیباو کار لە کار بترازێ!

## دیمەنی دووەم

چراخان – گوڵبەهار – گەورە دادوەران

گ.د: (دێت) شازادەخان... کاتی ئەوە هاتووە بڕیاری خۆت بدەی... مادام ناتەوێ ببیتە هاوسەری میر کاکی، ئەوا لە سەرتە بەرگی تۆبە و پەشیمانی بپۆشی... کاروان چاوەڕێیە، هەموو شتێکیش ئامادەی سەفەرە.

چراخان: ئەمەوێ ئامادەی ئاهەنگ بم. ئەمێنمەوە تا کاتی دوانزدە لێ ئەدا. دوای ئەوە چی ئەقەوێ با بقەومێ... بە پێی خواستی یاسا... ئەم ئاهەنگە ئاهەنگی منە... با مۆم داگیرسێنین... با ڕووناکی هەموو داڵان و هۆڵە تاریکەکان ڕووناک کاتەوە... جنابی دادوەر چۆنە ئەگەر ماوەی خزمەتکار بدرێ تەنها ئەمشەو پەردە لە ڕووی ئاوێنەکان لادەن؟ دوا ئاواتمە بە یەکجاری کۆشکەکەم بەجێ ئەهێڵم... ئەمەوێ هۆڵی ئاوێنەبەند ببینم بە ڕووناکی بدرەوشێتەوە... بە مۆم ڕۆشن بێتەوە.

گەورەدادوەران: ئارەزوویەکی ناحەزانە بەولاوە هیچی دیکە نییە. وازی لێ بێنە کچم! ئاوێنە وەک ئەژدیهایە، ئەگەر پەردەت لە ڕوو لادا پێوەت ئەدا... سبەینێش بە ناچاری هەر ئەبێ لەو گوناهە چەپەڵە پاشگەز بیتەوە.

چراخان: لەوانەیە وەک تۆ ئەڵێی لە گوناهم پشیمان ببمەوە... لەوانەشە... نەبمەوە.! هەرچەندە دڵتەنگم... بەڵام وا هەست ئەکەم ئارامی باڵی بەسەرما کێشاوە! ڕۆژگار هەرەمێکی لە کوێرەوەری بۆ بەرز کردوومەتەوە... لەوانەیە منیش وەکو ئەو، لە گاشەبەرد بم... پەیکەرێک بم لە گاشەبەرد... (پەچە دائەداتەوە).

## دیمەنی سێیەم

چراخان – گوڵبەهار – دادوەر – شاژن و کوڕەکەی بە بێ دەستوپێوەن دێنە ژوورێ.

گ.د: شاژن جوان و مەزنمان! بەڕێزان ئەندامانی بنەماڵە! ئەمڕۆ خوازبێنیکەری

سیازدەهەم لێرەیە و هاتووە شازادەخان بخوازێ. ئەگەر پێی قایل بێ ئەوا ئەبێتە خێزانی... هاوسەری کاکی، میری مێرگ و پادەشتان. بەڵام ئەگەر پێی قایل نەبێ و شووی پێ نەکات لەبەر هەر هۆیەک بێت، ئەوا ناچار ئەبین وەسێتەکەی خوالێخۆشبوو ڕاپەڕێنین و... شازادەخان ڕەوانەی ماڵی نوێی بکەین لەدوورگە. لەوێ لەژێر پارێزگاریی پیاوەکانما ئەژی. کەنیزە و قەرەوا خۆیشی ئەبێ... وەها کە شیاوی شازادان بێ! ئا ئەمەیە خواستی خوالێخۆشبوو، وەکو لەوەسێتەکەیدا تۆماری کردووە. بەو شێوازەی داب و نەریتی شاهانەمان داوامان لێ ئەکات... ئێستاش... با میر کاکی بفەرموێ...

## دیمەنی چوارەم

چراخان – گوڵبەهار – گەورەدادوەران – شاژن – زەینەڵ – پیاوانی دەربار – کاکی و سمکۆ دێن.

سمکۆ: شاژن دەستت بۆ درێژ ئەکات... وا جوانە کەمێ بچەمێیتەوە و دەستی ماچ کەیت.

کاکی: بڕوانە! بڕوانە! ماشەڵڵا لەم کۆمەڵە ئەسڵزادەیە! چەن قۆزن!

شاژن: لە میر کاکی، میری مێرگ و پادەشتان ئەپرسم، ئایا بۆ خوازبێنی شازادەخانی کیژم هاتووە، هەرچەندە لەوەش ئاگادارە کە خوازبێنیکەری سیانزەهەمە؟

کاکی: ئا... باکیشم لە ژمارە سیانزە نییە... من باوەڕ بەم جۆرە تەشقەلانە نییە.

شاژن: ئەی شازادە چراخانی کیژم، بڕیار لەسەر داخوازیی میر کاکی ئەدا، کە هاتووە لەگەڵ دەستی خۆیا وڵاتەکەی پێشکەش بکات؟... بە بەڵێ یان نەخێر وەڵام بدەرەوە.

چراخان: وەڵام ئەدەمەوە... بەڵام بە مەرجێک!

شاژن: بیلێ... وا سەعات دوانزدە نزیک ئەبێتەوە. ئەبێ لە وەسێتەکەی باوکت و لە داب و نەریت لانەدەی.

چراخان: ئەمە ئەزانم.

گ.د: مەرجەکەت؟

چراخان: ئەمەوێ قسە لەگەڵ نۆکەری میردا بکەم.

شاژن: (بە پەلە) بڕیار لەسەر ئەم مەرجە سەیر و سەمەرەیە نادەم... (دوودڵە) یان... ئەی ڕای میر کاکی چییە؟





کاکی: جا من هەقم چییە؟! با بە ئارەزووی خۆی لەگەڵی بدوێ. باشە خاوەن شکۆی شاژن لەم کاتەدا بۆمان هەیە شەراب نۆش کەین یان شیرینی بخۆین؟! شێوەی مێزەکە دڵ ئەکاتەوە. (چراخان لە سمکۆ دێتە پێشەوە. لەم کاتەدا مۆسیقای سەما ئەبیسترێ. ژوانەکەیان ئەبێتە سەمایەک کە پێشتر خۆیان بۆ ئامادە نەکردووە. وەکو هەمان سەمایە کە لە بەشی چواردەمدا ڕوویدا).

سمکۆ: سوپاس بۆ دولبەرەکەم! ماوەی ئەوەی بۆ ڕەخسارنم لە گەڵی بدوێم.

چراخان: ئەوە چۆن... لە گەڵ ئەوەشا پەچەم پۆشیوە ئەمناسیتەوە؟

سمکۆ: ئەمناسیتەوە؟ ئەڵێی ئەمناسیتەوە؟ لە ڕۆینتا شتێ هەیە وەک ئاواز! کەس لە دنیادا ڕەوتی تۆی نییە و، ئەتەوێ نەشتناسمەوە؟

چراخان: پێم خۆشە پەچە لە ڕووم لادەم. لە نزیکتەوە هەست بە گەرمی ئەکەم. ئەمڕۆ گەرمی و سۆز هەست پێ ئەکەم، سبەینێش هیچ، جگە لە سارد و سڕی و تەنیا باڵی.

سمکۆ: نەختێ پەچەکەت لادە. تکات لێ ئەکەم! (چراخان بۆ ماوەیەکی کورت ڕووی نیشان ئەدات؛ سمکۆ بە سەرسامییەوە سەرنجی ئەدات. لەم کاتەدا مۆسیقا دەست پێ ئەکاتەوە لەوسا بەرزتر. چراخان پەچە دائەداتەوە).

چراخان: ئەمڕۆ دوا جارە کە ئەتبینم؟

سمکۆ: دوا جار؟ چۆن؟ ئەی مێرد بە میرکاکی ناکەی؟

چراخان: تەنیا تۆم خۆش ئەوێ! لە تۆ بەولاوە مێرد بەکەس ناکەم... جا لەبەر ئەوەی ئەمە هەرگیز ڕوو نادات. کەواتە ماڵئاواییت لێ ئەکەم! خەم دڵم ئەگوشێ... لە گێژەنی خەما سووڕ ئەخۆم! بەڵام چار چییە؟

گ.د: شازادەخان وا شەو دوولایی ئەبێ! کاتی ئەوە هاتووە گوێ لە میر کاکی بگرین.

چراخان: خوا بتپارێزێ دڵدارەکەم. (خۆی لە گەورەدادوەران هەڵە ئەکات) شاژنی بەڕێز من ئامادەم!

شاژن: پێت خۆشە داوای ئەم کچە نیقاب پۆشە بکەی؟ پێت خۆشە؟

کاکی: (بە پەلە) من... نەخێر، نەخێر! (ڕوو ئەکاتە شازادە) شازادەخان من بە مێردی خۆت قوبووڵ ئەکەی؟ من قۆز نیم! بەڵام کوڕی باشم. هەرگیز لێت نادەم! خۆشیشم ئەوێی! لەو بڕوایەدام ئەتوانین خۆمان بۆ ئەم ژیانی هاوسەرییە ڕابێنین. کە واتە وتت چی؟

چراخان: بە میر ئەڵێم نەء!

کاکی: نا، بە داخەوە! (جارێکی دی هەڵئەداتێ) لەوانەیە بتوانین لەیەک بگەین و پێکەوە بژین.

گ.د: (بەتووڕەیی هەڵئەداتێ) ئەمە دوا مۆڵەت بوو! دوای کەمێکی دی سەعات دوانزە لێ ئەدات. شازادە ئەزانێ چی چاوەڕوانێتی؟

چراخان: ئەزانم! ئامادەشم. من دووڕوو نیم، بەڵکو چاک لە درۆ بزانم و حەقیقەتی هەست و سۆزم بشارمەوە. مرۆڤ ئەتوانێ – وەکو ئەزانن – بەرگەی هەموو شتێ بگرێ، مادام چاری ناچار بێ... ئای... ئەمە نەرمەبایە و لە کێڵگەکانەوە هەڵئەکات... لە دەرەوە درەختی لیمۆ چەندین جار گوڵ ئەکات. لەگەڵ دوا ڕێگاما ئەم بۆنە خۆشە یاوەرمە. درەختی لیمۆ چەندین جار گوڵ ئەکات. لەگەڵ دوا ڕێگاما ئەم بۆنە خۆشە ئەژیم... خەمی تەنیاییمی پێ ئەڕەوێنمەوە... ئەمشەو بۆنی گوڵە لیمۆ دڵدارەکەم دێنێتەوە یاد... گەرمیی خۆشەویستەکەم! (لە قوللەکانەوە دەنگی زەنگ ئەبیسترێ).

گ.د: (لەگەڵ یەکەم لێدانی زەنگ) سەعات دوانزەی تەواو لێیدا. (هێما دەکات و سەربازی چەکدار دێن).

شاژن: ئێستا کاتی ڕەوانەکردنت هاتووە... ماڵئاوا کچەکەم... کاروان چاوەڕێیە و هەموو شتێ ئامادەی سەفەرە.

چراخان: (هێما بۆ سەربازەکان ئەکات) ئەی ئەمانە؟

گ.د: پاسەوانی شەرەفن.

چراخان: ئەبێ وەک زیندانی کۆشکەکەم جێ بێڵم؟ لەژێر چاودێری سەربازانی دادگای پشکنینی ئاوێنەدا؟

گ.د: لەگەڵ چارەنووسا هیچ ناوترێ. گەڕانەوەی بۆ نییە! وەسێت یاسایە... لە وەسێتەکەدا هاتووە...

سمکۆ: (قەی پێ ئەبڕێ) من بە هاوسەری خۆت قوبووڵ ئەکەی شازادەخان؟ وەڵامم بدەرەوە؟

چراخان: بەڵێ هەر تۆم خۆش ئەوێ. حەز ئەکەم لەگەڵ تۆدا هەموو ژیانم بەرمە سەر.

گ.د: تازە کات بەسەر چوو... سەعات دوانزە لێیدا.

سمکۆ: نەء... هێشتا کات بەسەر نەچووە. بەر لەوەی لێدانی سەعاتەکە تەواو ببێ خوازبێنیم لێ کرد، ئەویش قایل بوو... ئێستاش فەرموو وەسێتەکە جێبەجێ کە!





گ.د: بەڵام تۆ میر نیت!

سمکۆ: تۆ وای تێگەیشتووی! من دەوری نۆکەرم ئەبینی تاکو لە مەسەلەکە حاڵی ببم. بزانە کە منم میر سمکۆ. هیچ کەسێ نییە بە ناوی میر کاکییەوە. لە ئێستاوە... من گەورە و سەردار و پادشاتم!

گ.د: ئەی ئەم کاکییە... چ کارەیە؟

سمکۆ: کاکی نۆکەرمە! ئەو عەبای میرێتییەم بدەرێ... (عەبای میرێتییەکەی کاکی لەبەر ئەکات) مێزەر! شمشێر! سوپاس.

زەینەڵ: ئێستا! بەسێتی! بڵاوەی لێ بکەن و لاچن لێرە. هەتا پەلەی لێ بکەن بۆ خۆتان باشترە! (بۆ سەربازەکان) بەڵام ئەم کچە بدەنە پێش و دووری بخەنەوە.

سمکۆ: بەڵکو خاکی بەرپێی ماچ کەن! ئاگادار بە تۆ لەگەڵ خاوەن شکۆ شاژنە چراخاندا ئەدوێی... وریابە لە بەردەمیا لە سنوور دەرمەچۆ... مۆڕەی لێ مەکە، بەڵکو لەبەر پێیا کڕنووش بەرە.

زەینەڵ: ئەو ئێستا بە دوورخراوە حسابە! سەرباری ئەوەش دزێو و دەعەجانییە!

سمکۆ: ئێوە لە تەڵەکەبازی و بەغیلی و زگڕەشی خۆتانەوە ئەو واهیمەیەتان شوێن خستووە. (پەچە لە ڕووی دائەماڵێ) سەرنجی بدەن چ نازدارێکە. ئاخۆ لەسەر زەوی شاژنێک هەیە لێی جوانتر بێ؟!

زەینەڵ: (هێشتا هەر تووڕەیە) منم پاشا! ئەبێ تۆ لە بەردەمما بچەمێیتەوە!

سمکۆ: جا تۆ لەو باوەڕەدای؟ چاکە... ئەگەر زۆریش سووری لەسەری، شمشێرەکەت هەڵکێشە. (شمشێر ئەکێشێ).

زەینەڵ: ئەوە دێیتەوە بە گژما؟ ها ها ها... لە دنیادا نییە شمشێربازیم لە گەڵا بکات... یان بتوانێ لەبەر دەمما خۆی ڕاگرێ. دینا قسەی تیا بکا ئەتکوژم.

کاکی: ئەم لاوە زۆر خۆ هەڵکێشە و خۆی فش ئەکاتەوە هەبێ و نەبێ نازناوی بەناوبانگترین درۆزنی شاری هەڵگرتووە.

زەینەڵ: تا ئێستا هیچ زیندەوەرێک لە بەردەمما خۆی بۆ ڕانەگیراوە.

چراخان: ئاگاداربە، شمشێرەکەی ژەهراوییە!

کاکی: دڵنیابە، دڵنیابە... وەک ئەو گوێرەکە بچووکانەی ئاشپەزەکەمان بۆ شێو ئامادەیان ئەکات، ئاوا لەشیشی ئەدا.

(شەڕە شیر... زەینەڵ شمشێرەکەی لە دەست ئەپەڕێ).

سمکۆ: (گاڵتەی پێ ئەکات) ئەمجا ئەڵێی چی؟ ئەوەندەت بەسە؟

کاکی: خراپ نییە کوڕی قۆز... هەوڵت دا و ژێر کەوتی... ڕەنگە ژێرکەوتنیش بەکەڵکت بێ، لەوانەیە لەو سەرکەشییە بۆشەت کەم بکاتەوە!

زەینەڵ: سەربازەکانت لەکوێن گەورە دادوەران؟!

کاکی: سەرەتا شمشێرەکەی لە کیس چوو... بەڵام ئێستا ئەقڵی لە کیس چووە!

گ.د: سەربازان... ئەم دەسبرە بگرن. (هێما بۆ سمکۆ ئەکا).

کاکی: دەبەنگێکی تر! (سەرباز پەلاماری سمکۆ ئەدەن و ئەویش بەرگری لە خۆی ئەکات، لە هەمان کاتا ئەو پەردانە ڕائەکێشێ کە ئاوێنەکانیان داپۆشیوە. هۆڵەکە پڕ ئەبێ لە بریقە و ڕۆشنایی ئاوێنە. بەڵام سەربازەکان کە بە سەیرکردنی ئاوێنە ڕانەهاتوون، لە وێنەی خۆیان ئەترسن کە لە ئاوێنەکاندا ئەیبینن).

سمکۆ: ئا ئەمەیە جوامێریتان؟ بە دە کەس دێن بۆ زەلامێ؟ ئێستا بەم ئاوێنانەی کە لێتان حەرام کردوون ژمارەتان ئەکەم بە دووقات! ها ها (بۆ گەورە دادوەران) چاوت لێیە چۆن ژمارەی سەربازەکانت لە زیادییە؟ ئێستا سەدن، دە نین... کاکی بە پەلە بۆ قوللە و چوار مەشخەڵ داگیرسێنە!

گ.د: بیگرن... نەهێڵن دەربازبێ. (سەرباز کاکی ئەگرن فڕێی ئەدەنە بەر پێی گەورەدادوەران. گوڵبەهار دزە ئەکات بۆ دەرەوە، سەرباز هەوڵ ئەدەن بیگرنەوە. بەڵام سمکۆ ڕێگایان پێ ئەگرێ، بە توندی لە گەڵیان بەشەڕ دێ. بەم شێوەیە گوڵبەهار دەباز ئەبێ... گەورەدادوەرانە هێما بۆ سەربازەکانی ئەکات تاکو کاکی ئەشکەنجە بدەن).

لەبەر چی ئەتەوێ مەشخەڵەکان داگیرسێنی؟ گوێت لێمە؟ بۆ دووەم جار لێت ئەپرسم... مەبەستت لە ئاگر کردنەوە چییە؟... بۆ سێیەم جار و دوا جار پرسیارەکەم پاتە ئەکەمەوە: ئاگر چ مانایەک ئەبەخشێ؟

شاژن: (لە پەنجەرەوە سەر ئەکێشێ) لەسەر قوللە بەرزەکە... چوار مەشخەڵ ئەسووتێ.

گ.د: کێ دایگیرساندن؟

شاژن: سەماکەرە کەڕەکەیان!

گ.د: (ئەچێ بۆ لای پەنجەرەکە، هاوار ئەکات) ئاگاداری، ئاگاداری، تیپەکانی پاسەوانێتی شاهانە، ئاگاداری! بە پەلە سەرەک پاسەوانم بۆ بنێرن!. بە پەلە... ئاگاداری... سەرەک پاسەوانی شاهانە. ئاگاداری، ئاگاداری!





# دیمەنی پێنجەم

چراخان – شاژن – گەورە دادوەران – زەینەڵ – پیاوانی دەربار کاکی – سمکۆ – سەرباز – پیاو لەگەڵ دەستەیەک لە سوارەی میردا دێن.

پیاو: (دێت) سەرەک پاسەوان ئامادەیە گەورەم! (بەشێوەیەکی گاڵتەجاڕیی ئاشکرا سڵاو بۆ گەورە دادوەران ئەکات).

گ.د: چۆن؟ ئەی تۆ وەزیر نیت؟ ئەی تۆ کەلەپچە نەکرابووی؟ (پیاو کەلەپچەکەی فڕێ ئەداتە ژێر پێی دادوەر و ئەویش زیاتر هاوار ئەکات) ئاگاداری! ئاگاداری! سەرەک پاسەوانی شاهانە لە کوێیە؟

پیاو: تیپەکان ئێستا لە ژێر فەرماندی خۆمانن!

گ.د: چۆن؟ گوایە دەستتان گرت بەسەر تیپەکانی شاهانەدا؟

پیاو: تیپەکانی پاسەوانی شاهانە... بۆ پارێزگاری شا دانراون. ئێستاش سمکۆ پادشایە.

گ.د: (بۆ سەرباز) قۆڵبەستی کەن! چاوەڕوانیی چی ئەکەن؟

پیاو: (ڕیشەکەی لائەبات) ئەوە منم سەربازان! گوایە نامناسنەوە؟! (بە بینینی سەریان سووڕ ئەمێنێ) فەرمانتان پێ ئەدەم ئامادەی سڵاو بن بۆ سمکۆ پاشا و شاژن چراخان... سڵاوی شاهانە... ئامادەبن!... وریابن! (سەرباز وریا ئەبن و سڵاو ئەکەن).

گ.د: هەرگیز...! نەبووە و ناکرێ! بیگرن! (کەس گوێی لێ ناگرێ).

پیاو: (بۆ سەربازێک) نامناسیتەوە؟ چەن جار لە قەراغ شار لە بەردەمما هەڵاتوون؟ ئێستا چیتان لێ بکەم! فەرمان بدەم سزا بدرێن؟ (سەربازەکە لەپاڵ سمکۆ و چراخان دا ڕیز ئەبێ، لە کاتێکا زەینەڵ و دایکی و گەورەدادوەران بەتەنیان).

زەینەڵ: ئەیبینن چۆن بە سەرتانا ئەشکێتەوە. بەکرێگیراوەکانم دەرسێکتان دائەدەن لە بیرتان نەچێتەوە!

پیاو: بەکرێگیراوەکانت بە شێنەیی لەپاڵ ئاگر نانی خۆیان ئەخۆن! ئاگرا!!

شاژن: (لە نزیک پەنجەرەکەوە وەستاوە) وەکو پادەشت هەمووی گڕی سەندبێ و! لەوێوە هەزاران مەشخەڵ بەرەو ڕوومان دێ.

چراخان: (سەر ئەکێشێتە دەرەوە) پادەشتەکان بە کڵپەی ئاگر ئەتەقنەوە! ڕۆشنایی ئاگر قورسایی تاریکی شەو لەناو ئەبات. شەوی تاریک ئەبێ بە ڕۆژی ڕوون.

پیاو: بەڵێ! وا هاتن. بە دەستێ مەشخەڵیان پێیە و بە دەستێ شمشێر. بەڕێزان ئەمشەو بڕیار لەسەر چارەنووسی وڵات ئەدرێ!

گ.د: کە وابوو شۆڕشە؟

پیاو: بەڵێ شۆڕشێکی سەرانسەرییە!

گ.د: چۆنت توانی ئەم هەموو خۆئامادەکردنە بشاریتەوە؟

پیاو: ئەگەر تۆ نەبوویتایە شۆڕش بەرپا نەئەبوو. ئەگەر تۆ یاریت بە ژیانی خەڵکی نەکردایە...

کاکی: سەیر و سەمەرەیە! ئەمەیە سەرەنجامی بێدادی و زۆرداران... چەند ساتێکی خۆشە. (قاقا پێئەکەنێ، گەورەدادوەران و زەینەڵ و دایکی پێی توورە ئەبن – بەردەوام ئەبێ) ئەی ورچ؟... ورچ لە کوێیە؟

پیاو: دەمودەس ئامادە ئەبێ! ورچ، ورچ، ورچ، ورچەکۆڵە! (ورچ بە پێستی قاوەییەوە دێت. بە نێوان ئاوێنەکاندا ئەسووڕێ و سەری لێ تێک ئەچێ).

کاکی: (فیکەیەکی سەرسووڕمان لێ ئەدات) چاوم لە دە ورچەوەیە!

پیاو: (بۆ گەورەدادوەران) بێ هوودە زەهرت بۆ کردبووە هەنگوینەوە!

کاکی: ئەی باشە چۆن ڕەنگی گۆڕا؟ خۆ ئەوسا بۆر بوو!

پیاو: (بە گاڵتە کردنەوە) بە ڕۆژ بۆرە کەچی بەشەو ڕەنگی ئەگۆڕێ بۆ قاوەیی!

کاکی: باشە چۆن چۆنی ئەتوانی ڕەنگی خۆی بگۆڕێ؟

پیاو: (دیسان بە گاڵتە کردنەوە) بە ئاوی گەرم خۆی ئەشۆرێ، ئیتر ڕەنگی ئەگۆڕێ!

گ.د: (بە بێزارییەوە) جەنابی وەزیر چیمان لێ ئەکەی؟

پیاو: من؟ بە ناوی هەموو زۆرلێکراوانەوە ئەتگرم... بەڵام بۆ مەسەلەی حوکم دان... ئەوەیان بە تەنیا مافی شا خۆیەتی!

کاکی: ئەگەر من پاشا ئەبووم بەگوێ هەڵمەواسی!

پیاو: پاشام لەم ڕووەوە فەرمانی بە چییە؟

سمکۆ: بخرێتە زیندانێکی چوار دیوار و زەوی و بنمیچەکەی ئاوێنە بێ! تاکو بە وردی سەیری بیچم و ڕوخساری خۆت بکات. جا ئەوسا یان چاک ئەبێتەوە یان لە داخ و خەفەتا ئەمرێ!

پیاو: بڕیارێکی نایابە! ئەی شاژن؟

سمکۆ: ئەوەی بۆ کچەکەی سازدابوو با بەخۆی ڕەوا ببینێ. با پاشماوەی تەمەنی لەو





دوورگەیە بەسەر بەرێ کە ویستی کچەکەی بۆ بنێرێ.

پیاو: بڕیارێکی زیرەکانەیە. ئەی کوڕەکەی؟

کاکی: ئەم خۆهەڵکێشی فشەکەرە بۆ خۆم بەجێ بێڵن! تەنیا کاری بەسوود ئەیهێنێتەوە سەر ڕێی ڕاست، با بە ئارەقی ناچاوانی نان پەیدا کات! ئەگەر مۆڵەتم بدەی خاوەن شکۆ، خۆم مەشقی پێ ئەکەم. لە نزمترین پیشەوە لەگەڵی دەست پێ ئەکەم!

سمکۆ: چاکە. ئێمە هەرسێکمان بەم کارە قایلین. (بۆ پیاو) مافی ئەوەم هەیە بە ناوی تۆوە قسە بکەم... بە ناوی ورچیشەوە؟

پیاو: مافی ئەوەت هەیە ئەی پادشاهو هاوڕێم... سەبارەت بە ورچیش لێرەدا کاری تەواو بوو! (ئەو ئەکتەرەی کە بەرگی ورچی پۆشیوە بەرگەکەی دائەنێ – ئامادەبووان چەپڵەی بۆ لێ ئەدەن).

سمکۆ: بەڕاستی ترساندبوونی!

پیاو: ئەی سەربازانمان! (ئاوڕ لە سەربازەکان ئەداتەوە) چاوەڕوانی چی ئەکەن؟ فەرموو دەسبەکاربن بۆ جێبەجێ کردنی بڕیارەکان. بیاندەنە پێش بۆ ئەو شوێنانەی کە گوێتان لێ بوو.

**(شۆڕشگێڕان... دادوەر، شاژن و سەربازانی دادگای پشکنینی ئاوێنە ئەدەنە پێش).**

سمکۆ: پێویستە سوپاس و پێزانینی خۆم پێشکەش بەو پیاوە بکەم کە ڕزگاری کردین. وڵاتیشی لە زۆرداری ڕزگار کرد.

پیاو: ئەوەی کردوومانە، ئەرکی سەرشانمانە بەرامبەر بە گەلەکەمان. سوپاس و ڕێز هەر بۆ ئەوە. بەڵام تۆ جەنابی پاشا، لەسەر ئەوە سووربە دادپەروەر بی. سەرپەرشتی هەموو لایەک بکەی و مافەکانیان بپارێزی.

سمکۆ: لەوەیان دڵنیابە. ئاخر منیش بۆ ئەم کارە چاکم لێ کردووە بە لادا. بەڵام ئەوەی پەرۆشی بم خۆت و ورچەکەتە!

پیاو: ئاگاداری ورچە مەزنەکەم بە جێگای شیاوی بدەرێ و پیرۆزبایی گواستنەوەی گوڵبەهاری خۆشەویستم لێ بکە.

چراخان: گوڵبەهار! ئەوە بۆ تا ئێستا پێت نەوتووم؟ مادام بووینە دۆست و برا... ئەوا مێردەکەت برای ڕاستەقینەی منە.

سمکۆ: ئێستاش با زەماوەن دەست پێ بکات!

چراخان: با مەشخەڵی ڕووناکی، تاریکی داماڵێ!

کاکی: بە یارمەتی خۆتان نەختێ ئارام بن... باشە پاشام بەوە قایل ئەبێ من هەر ئاوا زگورتی بم؟ منیش ژن ئەهێنم، پیرۆزبایی زەماوەندم لێ بکە... (دەستی کاڵێ ڕائەکێشێ) ئەمەش کاڵێی دەسگیرانمە... ئاشپەزی خۆشەویستم بە هاوسەرم قووبووڵ ئەکەی؟

کاڵێ: بە مەرجێک!... دەست نەکێشیتە کاروباری چێشتخانەوە!

کاکی: ورچیش شاهیدی زەماوەنەکەمان ئەبێ!

(سەمای کۆتایی، شۆڕشگێڕان مەشخەڵیان هەڵگرتووە و بەشداری ئەکەن).

کۆتایی

***

سەرچاوە: گۆڤاری الاقلام – ژمارە (٣) ساڵی ١٩٧٩

# گەشتەکەی حەسەن

## نووسینی: محمد الغزي

(محمد الغزي، شاعیرێکی تونسییە، لەگەڵ گۆڤارە ئەدەبییەکانی عێراق دا بەزۆری بە شیعر هاوکاری دەکات. ئەم دەقەیش بەناوی (المهرج ينظر في المرآة)ەوە، لە گۆڤاری (الاقلام)، ژمارە (٩)، ساڵی ١٩٨٢، لاپەڕە (٨٧-٩١)دا بڵاوکردۆتەوە... کامەران ڕۆوف، دەسکاری کردووە و هەر خۆشی دەریهێناوە... لە سێیەم ڤیستیڤاڵی شانۆی کوردیدا لە سلێمانی (٣ تا ١٩٨٢/٤/٩) پێشکەش کراوە. پاشان نزیکەی سێ هەفتە لە هۆڵی ئەدەبیان لە سیمانی و چوار ڕۆژ لە شاری هەولێر پیشان دراوە... دەیان وتاری لەسەر نووسراوە.

بۆتە جێی ستایشی ڕەخنەگر و هونەرمەندە بە تواناکانی وڵات... پاڵەوانێتی: کامەران ڕۆوف، فرمێسک مستەفا، یاسین قادر)

***

شانۆییەکی یەک پەردەییە، دوو پیاو و ئافرەتێک رایدەپەڕێنن.

پیاوی یەکەم ئەم دەورانە یاری دەکات: حەسەن، سەلامی کەمانچەژەن، عەلیی کەشتیوان، ئیبراهیمی دێوانە، هاملێت، پیاوی ناو پاسەکە... پیاوی دووەمیش ئەم کارەکتەرانە یاری دەکات: شێخ، ئەفسەر... ئافرەتەکەیش ئەم دەورانە یاری دەکات:



١- زوهره
٢- ئەمیناتا
٣- دایک
٤- ئۆڤیلیا
٥- لەیلا
٦- دالیا

دیکۆر بریتییە لە تەختەی سێرک... جلوبەرگ و دەمامک بەسەر شوێنی جیاوازدا دابەش بوون... پەت، تۆڕی ڕەنگاوڕەنگ، وێنە و ئاگاداری (اعلان) بە درێژایی تەختەی شانۆ... لە لایەکی شانۆوە پیانۆ هەیە، لە لایەکی دیکەوە ڕانگەی کەشتی لەگەڵ کۆڵەکە و پەیژەو پەت، کە لەیەکێ لەجم و جوولەکانی پیاوانی سێرک دا بەکاردێن... ئامێرەکانی ڕووناکی لەسەر ستاند دامەزراون و بەسەر شانۆدا دابەش کراون.

پەردە دەکرێتەوە، حەسەن، کارەکتەری سەرەکیی شانۆییەکەیە، بەپیانۆ پارچەیەک مۆسیقا لێدەدات... کات شەوە، دوای جموجوولی سێرک و چوونە دەرەوەی بینەران... دوای تەوابوونی مۆسیقاکە... کاغەزی نۆتەکانی بەردەمی هەڵدەگرێ و بە تووڕەبوونێکی بێ ئەندازەوە فڕێی دەدات...

زوهرەی ژنی حەسەن وەک تارماییی لەبەردەم یەکێک لە پرۆجیکتۆرەکاندا دەردەکەوێ کراسێکی سپیی پۆشیوە... ڕوخساری سپییە، جووتێ چاوی گەورە و گەش لەسەرەتاوە وەک دەنگدانەوەیەک گوێمان لێی دەبێ... بە بیستنی، حەسەن دەحەپەسێ.

زوهرە: حەسەن... حەسەن.

حەسەن: «ئاوڕ دەداتەوە، بەدوای سەرچاوەی دەنگەکەدا دەگەڕێ» زوهرە... زوهرە... گیانەکەم... خێزانەکەم... ئەمڕۆ هەستێکی نامۆ دەوری داوم. بە درێژایی ئەمڕۆ دڵم ئازاری داوم... دڵم خەبەری دابوو کە دێی... ماوەیەکی دوور و درێژە تامەزرۆم بۆ دیدرات و نەمدیوی.

زوهرە: ئاخر حەسەن ئێمە هەموو کاتێک بۆمان نالوێ لەو جیهانەی تێیداین بچینە دەرەوە.

حەسەن: زوهرە... ئاخۆ مردووش دیمەن و ژیانی ئاڵۆز دەبینێ؟

ئاخۆ مردنیش وەک خەوە؟

زوهرە: «بەئازارەوە هەناسەیەکی سارد هەڵدەکێشێ» حەسەن کە شەو دادێ... گۆڕستانەکانمان بەدەم ئازارەوە دەناڵێنن... با بەگەشتی هوشیاریدا بچنیەوە... ئەو گەشتەی لە ژیانی سەر ئەم زەوییەدا دەستمان نەکەوت. با گەشت بە شەوگارو ڕۆژگارەکاندا بکەین... با ئەوەندە یاری بکەین لە برسانا زەردهەڵگەڕێین... لەناو دەریاچەی دۆزەخ ئاسادا بسووتێین... قوڕ بخۆین و لیتە بخۆینەوە، تا گوناهەکانمان پاک دەبنەوە... ئەمجا بەرگێک دەپۆشین لەپەڕەی گوڵ... بە باڵی گەورە گەورەوە دەفڕین بۆ ناو بەهەشتی بەرین و زیندوو دەبینەوە... حەسەن ناتوانم لەوە زیاتر بدوێم... چونکە درکاندنی نهێنییەکانی نەمریی حەرامە.

حەسەن: « بەدڵگرانییەوە» وەرە زوهرە... وەرە، لەسەر دڵەکەم بنیشەرەوە... لەسەر زەویی بەیار... ژەنگی زەمانە بسڕەوە...

زوهرە: ناتوانم حەسەن... ناتوانم...

حەسەن: «زۆر جار هەوڵ دەدات ڕاپەڕێ و لەو جیهانانە بپەڕێتەوە کە لە نێوان خۆی و زوهرە دایە، بەڵام ناتوانێ.»





ناتوانم لەقاوغەکەی خۆم دەربازبم... چەقیوم... دیوارەکە هەڵمەدلوشێ... هەموو خاک و خۆڵی گەردوونم وا بە کۆڵەوە... بارم قورسە... ئەم بارە گرانە بەرەو مەرگ کێشم دەکات.

زوهرە: حەسەن... ئەم گفتوگۆیەت دەمتۆقێنێ... بەڵام تۆ نەگۆڕاوی... بەبەر چاوی مەرگیشەوە ژیان هەردەمێنێ... ژیان گۆڕانییەکە، دەگەڕێ و دەسووڕێ... گوێمان لێی دەبێ و ئێمەیش بەگۆرانی دەیلێینەوە... کەچی تۆ لە دیوارێکی کەڕ و بێ گیاندا بەدوای ئاوازدا وێڵی... دیوارێک کە سێبەرە درێژەکەت وەک ئاڵایەکی بەزیو ڕادەکێشێ.

حەسەن: زوهرە... کچێ زوهرە... خوێ مەکەرە زامی کۆنم... زامی کۆنم مەهێنەرەوە سوێ... ئاخر من تەنیابالم تەنیا باڵ.

زوهرە: ببەخشە حەسەن، نەمتوانی بەرهەڵستیی نەخۆشییەکە بکەم... سیل سییەکانی داڕزاندم... شوێنەکە شێی هەیە و تیشکی خۆری ناگاتێ... ئێمەش لەگەڵ خۆردا ڕاهاتووین... بڵێی قینت لێم بووبێ حەسەن؟!... وا هەست دەکەم سەیرم دەکەیت و نامناسی... حەسەن تۆ بڵێی زۆر گۆڕابم؟!

حەسەن: بەڵێ لەجاران لاوازتری و چاوەکانت گەشتر بوون... زوهرە لەشەوانی ئێرە بێزارم... لە سێرک بێزارم... هەست دەکەم سەرما لە مۆخمدایە.

زوهرە: واز لەسێرک بێنە و بڕۆ بەدوای ژوورێکدا بگەڕێ... ئەی هەزار جارم پێ نەوتی؟

حەسەن: ناتوانم... ناتوانم کارەکە لەدەستی خۆمدا نییە.

زوهرە: ئەوەبوو لێرە دەنووستین کە شێیەکی کوشندەی هەبوو... ئێستاش لەشت بەبەرەیەوە نەماوە و بەرگەی ناگرێ...

حەسەن: ماندوو بووم زوهرە ماندوو...

زوهرە: لە چی، حەسەن لە چی؟

حەسەن: لە پۆشینی ڕووی خۆم ماندوو بووم... ڕووم کە سیمای ڕاستەقینەی خۆی ون کردووە و کاڵ بۆتەوە...

زوهرە: لێبووک... حەسەنی لێبووک... لێم دڵگران مەبە، بیرتە ستەممان دەنۆشی؟... شتێکی دەگمەن بووین بەدەستیانەوە؟... تەنانەت لەماڵی خۆماندا تاڵاوی نامۆییمان دەچەشت؟

حەسەن: زوهرە... لەگەڵ برسێتی و ستەمیشدا... لەگەڵ نێڵەنێڵی ئەو ئاگرەشدا کە

جەرگم هەڵدەقرچێنێ... ڕەگەکانم بە نێوخاکدا ڕۆچوون... عەشقی خاکم بە میراتی بۆ ماوەتەوە...

زوهرە: کەوابوو... بڕۆ بۆ لای ئەو خاکەی کە خۆشت دەوێ.

حەسەن: هەندێ جار لەتاریکیدا هەنگاو دەنێم... شەوانە گوێ لە خۆم دەگرم هاوار و ناڵە لەدەوری دڵەکەم کۆ دەکەمەوە بەڵام...

زوهرە: بەڵام چی؟

حەسەن: دەسووتێم... دەسووتێم زوهرە... لەناو خۆمدا دەسووتێم... دەچم بەناخی زەویدا... شەقامەکان قاچەکانم هەڵدەلووشن... بەناو بێدەنگیی فرمێسکدا وەک تەرم ڕێگا دەبڕم.

زوهرە: نازانم کەی دەبیتە خاوەنب خۆت و دەحەسێیتەوە...کەی بەئارەزووی خۆت هەڵسوکەوت دەکەی؟

حەسەن: «هێشتا هەر لەگەڵ گفتوگۆکەی پێشوودا دەژی» جاری وایش هەیە خەو دەبینم... لە خەوەکەدا هەوڵ دەدەم تاریکی لەسەر جەستە ڕەق هەڵاتووەکەم کۆ بکەمەوە... دەگەمە دەرگاکە، دەیکەمەوە و دەچمە دەر... تیشک ئاوی چاوەکانم دەبات و دەبینم وەک هەموو جارێک بەناو کێڵگەکاندا ڕاکشاوە... پاشان هەست بەتینوێتییەکی زۆر دەکەم... ڕادەکەم، و ڕادەکەم، بارانیش دەمشوات، ئەمجا زەوی دەبینم تەنک و نەرم و نیان... لە نێوانییەوە دنیای خوارەوە دەبینم وەک ئاوێکی ڕوونە... بە بریقەیە... وا هەست دەکەم ئاو هەڵمدەگرێ بۆ پشت دەریاکان... من لە ئۆقیانووس دەپەڕمەوە... دەپەڕمەوە... دەپەڕمەوە و هەوری ڕەش لە ئاسۆوە سەر دەردەهێنێ... سەرابێکی شین... خەڵکێکی زۆر لەبەر چاوم زەوی گەز دەکەن... دێن و دەچن... ئەمجا دەکەومە چاڵێکی قووڵی بێ بنەوە... جارێکی دیکەیش ئابڵووقەم دەدا و ئەوسا خۆم لەپاڵ شوورەی شاردا دەبینم.

زوهرە: گوێ بگرە حەسەن... سبەی بەسەر خەمێکی گەورەتردا بەئاگا دێی... بۆچی لە ڕووناکی دەترسێی؟... ئەوە ڕووناکیی خۆتە حەسەن... دەبا ڕووناکیی هەموو شتێک بشواتەوە... شمشاڵ بۆ کازیوە لێدە ئیتر بەیان بەڕاکردن بەپیرتەوە دێ... بڕۆ بەژیان زەماوەندی مەرگ تەواو بکە.

حەسەن: ناتوانم، ناتوانم.

زوهرە: هەوڵ بدە حەسەن... هەوڵ بدە... عەلیی کەشتیوانی هاوڕێمانت لەبیرچۆوە، چۆن





دڵی دەریای شەق کرد و لەوێوە ڕزگاری بوو... خۆر لە نێوان شەپۆڵەکانی دەریاوە بۆی هەڵهات... ئەی سەلامی کەمانچەژەن؟... خۆ ئاگات لێ بوو چۆن زمانی گوڵەیاسەمین و نهێنییەکانی باڵندە فێربوو... ئەی ئیبراهیمی دێوانە کە بەپێکەنین خەمەکانی خۆی بەزاند... دەی حەسەن هەوڵ بدە... خۆت تاقی بکەرەوە... «گوڵێک بە دەستەوە دەگرێت و لە حەسەن دێتە پێشەوە.» ئەمە گوڵی بەهەشتە.

حەسەن: «هاوار دەکات» هی منە؟!

زوهرە: بەڵێ هی تۆیە... بەسەر شوورەکانی دۆزەخدا بۆم هێناوی.. ئەو سنوورەی کە کەوتۆتە نێوان ئێمە و بەهەشتەوە... هی تۆیە... بە ئارەزووی خۆت چی لێدەکەی بیکە... بەڵام نەهێڵێ سیس ببێ... لەوێوە بۆم هێناوی... لەناخمدا بۆم شاردبوویەتەوە... با لەسەر چاوەکانت جێگیر بێ تاکو بەرچاوت ڕوون بێ.

«حەسەن وەک گێج بووبێ زۆر بەگران دەست بەرز دەکاتەوە دوای ماوەیەک گوڵەکە هەڵدەگرێ و زوهرە ون دەبێت.»

حەسەن: ئەمە چ ئەستێرەیەکە وا هەمیشە ڕوو لە ئاوابوونە؟ چ گۆرانییەکە دەیکەین بەژێر لێوەوە و نایڵێین؟ « هاوار دەکات و بەشوێن زوهرەدا دەگەڕێ» زوهرە... ئەگەر جارێک بتوانییایە... بەسەر ئاودا هەنگاو بنێم تا ئەوپەڕی دنیا دەڕۆیشتم بەڵام چۆن؟... بەڵام منی هەمیشە نوقم بوو چۆن دەتوانم... وەک کەشتیوانێکی نوقم بوو بەمست ئاو دەردەدەم... وەک کەشتیوانێک کۆڵەکەی کەشتییەکەی لە باوەشیدا شکابێ و قوڵلەکانی هەرەسیان هێنابێ... بەڵام نا... نا... دەمەوێ بیرم بکەوێتەوە... بەڵێ هەوڵ دەدەم پیتێکم بێتەوە بیر.. دووبارە پیتەکان ڕیز بکەمەوە... هەموو پیتەکان... عەلیی کەشتیوان دڵی دەریای شەق کرد و... «لەپڕا، لەسەر ڕیکۆردەر دەنگی عەلیی کەشتیوان دەبیسترێ، ڕستەکە بۆ حەسەن تەواو دەکات و لەسەر سایکەکە کۆمەڵێک وێنەی عەلیی کەشتیوان پیشان دەدرێ بە جلوبەرگی دەریاوانییەوە.»

عەلیی کەشتیوان: بەڵێ حەسەن: «حەسەن لەشوێنی خۆی ڕادەپەڕێ» دڵی دەریام شەق کرد و خۆر لەنێوان شەپۆڵەکانەوە سەری کێشا و هات بە پیرمەوە... لە دەریاشدا هێزی شەڕ هەیە... بەڵام بەو هێزە لەبن نەهاتووەی خۆم کوشتم... حەسەن گوێ بگرە و بڕوام پێ بکە، زۆرم ئافرەتم ناسی بەڵام ئەمیناتا لەیاد ناکەم... ئەو ئەمیناتایەی کە ئاگری لەئاسۆی نەزۆک بەردا و لەبەردەم خۆمدا